
بەرەم

ژمارە یەک (1)

گۆڤاری ئەدەبی، فەرهەنگی، هونەری

ئەلاوێژی ١٣٨٩ی هەتاوی



ژمارە 1

بسم الله الرحمن الرحیم

بەرەو ڕۆژ

گۆڤاری ئەدەبی فەرهەنگی هونەری

-1-

لە ژێر چاوەدێری:

هەرمان وەتمانی
هەوار خزرزادە
شەویار گولابی ئازەر

دەستەی نووسەران:

ئەندامانی ئەنجومەنی
ئەدەبیی مەهاباد

بەرهەم گۆڤاری ئاوێزەی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد ئامادەی وەرگرتنی بەرهەم، پێشنیار و ڕەخنەکانی ئێوەی هێژایە:

edebi.meh@gmail.com
edebi-meh.blogfa.com

طراحی گرافیک، صونتاژ و لوگو:
سانا گرافیک
فواد باریکان
foadbarikan@yahoo.com

پێڕست

سەروتار

بەشی وتار

خوێنەر لە ڕۆچنەی زەمانەوە ـ هەوار خزرزادە 2
دوو پرسی بە وڕە لە دنیای تاریکیدا ـ سەباح محەممەدی 5

بەشی شێعر

ڕۆژەکەی: ڕێژنە باران و... ـ ئەبووبەکر ڕەشیدزادە 7
چەند کورتە شێعر ـ ئەبولقاسم موئەییدزادە 8
پڕمە کە شەرم دەکا... ـ شەویار گولابی ئازەر 9
ئارەزوو ئەحمەدی 10
ماسییەک لە گوێچکەتدا قڕ کە لە تینوان ـ هەرمان وەتمانی 11
عەبدولقادر نیازی 12
قاسم تابناک 13
جەلال ئەحمەدی 13
من و کانی ـ زانکۆ خەلیفە 14
ڕەنگە ـ جەلال پوورحەسەن 15
لیمۆ ئاوەری 15
دواییین زەردە گەڵاکانی پڕچی مەسیح ـ مانی ئیبڕاهیمی 16
ناجەر پەرویزنیا 17
پاییزە زەردەکانی قژ ـ هەژار ئیوەر 17
سەحەر مێهرەبانی 17
بەهار ـ سۆفیا ڕەزگەیی 18

بەشی وەرگێڕان

یەڵماز کۆنا ـ مێهرداد ڕامیدی نیا 19
کاڵتە بە ژیان ـ هەژیر خالندی 21
دەنگی وەڕینی سەگەکان نابیسی ـ غەفوور پیرزادە 24

بەشی فیلمنامە

فیلمسازی و ڕەوان دەرمانی ـ یەعقووب خزری 27
فیلمنامە ـ ڕامان مەحموودی 29

بەشی چیرۆک

سەرونخوون ـ مریەم قازی 30
خوێندنەوەی چیرۆکی سەرونخوون ـ عەزیز مەحموودپوور 30
سەرەتای من یەکەم دەردە ـ ئەمیر حەسەنپوور 32
مۆتە ـ جیهان کەرەمی 33
ئەمن دەبێ ئاوان بدەمەوە؛ ئەمن دەبێ...! ـ کوردستان گولابی ئازەر 34
هەناسە ـ شیرین ئەمینی 35
یەکەم دیدار ـ زەینەب بابایی 36
کانی سەرهەڵدان ـ گوڵاڵە ستاوەند 38

هەوالنامەی کتێب

سەروتار

شاعیر و نووسەر لە چی دەگەڕێن کە ڕوو لە دنیای پانوبەرینی ئەدەبیات دەکەن؟ ئەم خۆلیا و هەست و خۆشەویستییە چییە کە مرۆف لێیڕاو دەکا وەشوێن شێوازێکی‌تر کەوێ بۆ ئاخاڤتن و گێڕانەوەیەکی‌تر؟ دەیانهەوێ سرنجی خوێنەر بەرەو کام شوێنی نادیار راکێشن و هۆکاری ئەم خۆپێشاندانە چییە و ...

پێدەچێ سەرجەمی بەرهەمە ئەدەبیەکان کەڵکەڵەی هەرمانیان پێوە دیار بێ کە لە وانەیە لە جیهانی تیژتێپەڕی ئاساییدا دەست نەدا و نووسەر بۆ وەدیهاتنی ئەم مەبەستە ناچار دەگەڵ هەلومەرجێک بەرەوڕوومان دەکاتەوە کە هەموو شت کوتوپڕ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، جیهانێک کە لەودا نووسەر وەک خوداوەندێکی بەتوانا، کەسایەتییەکی دوویارە بە هەموو شت دەبەخشێ بۆ ئەوەی بەسەر هەموو شتدا خوێندنەوەیەکی نوێ بەتاقی کەینەوە. ئێتر ئەم ئاڵوگۆڕە هاوتەریب دەگەڵ قوواڵترین بەشی زەین، دیاردەکان بە چەشنێک بە وێنا دەکەنەوە کە لە وانەیە پێشتر ئاوامان هەست پێنەکردبێ واتە:

وشەی گوڵ بۆنی گوڵاو بپڕژێنێ، بێئەوەی ڕاستەوخۆ لە شەپێدا بەشداریمان کردبێ، زامدار بین، بێئەوەی لە ماڵ وەدەر کەوین بە هەموو جیهانی ماکەبیدا سەروخوار بکەین، پێبکەنین، بگرین، برسیمان بێ، بەرزترین هاوار لە هەریەکی کپ و بێدەنگدا ببیسین و لە هەراوترین مەڵبەندەکان پڕمەترسیترین بێدەنگی سەرسامان بکا...

خوێن لە ئەستێرە ئەتکێ

هەڕەشە لە مانگ و

لە پێتەختی خۆلیاکان

بەرزەفڕترین خۆزگە و

لە بێدەنگێکی بەسام

بەرزترین هاوار...

لە دنیای ئەدەبیاتدا بە چاوەکانمان ئەفڕین، بە گوێەکانمان ئەدوێین و بە دڵمان ئەبیسین و مەبەست لە هەموو ئەوانە چییە و ئەدەبیات دەیهەوێ چ ئەرکێک ڕاپەڕێنێ و ئەدیب کێیە؟ ئەم دوو دیاردە سەمەرەیە هێندە لە هاتووچۆ و ئاڵوگۆڕ دایە کە ئێتر تاریفێکی دیاریکراو بە دەستەوە نادەن. داخوا ئەدیب دەیهەوێ لە جیهانی درۆ و پاوان و ئازاردا، دەلاقەیەکی‌تر بەرەوڕووی خوێنەر بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو لایەنە شاراوانە ئاشکرا بکا کە لە زەنازەنای ڕووداوەکاندا بزر بوون؟ داخوا دەیانهەوێ بڵێن ئێمە ئەوە نین کە ئێستا هەبین؟ یان دەیانهەوێ بەسەر شارێگای پیت و وشە و ڕستەدا بەرەو کام شوێن و وێستگەمان ڕاگوێزن و دەگەڵ چۆن دنیایەک بەرەوڕوومان کەنەوە

ئەم گرد و کۆیەی ئێستا بۆ ئێوەی خوێنەر ئامادە کراوە هەگبەیەکە لە جیهانی پڕ ڕەمز و ڕازی ئەدەبی تاقمێک لە لاوانی هەستیار و هزرمەند کە خەریکن بەختی خۆیان لە مەڵبەندی هەراوی ئەدەبیاتدا بە تاقی دەکەنەوە.

مریەم قازی

ئەندامی پێکهێنەری ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهاباد

خوێنەر لە ڕۆچنەی زەمانەوە

هەوار خزرزادە

کاتێک باس لە خوێنەر دەکرێ کەسێک نییە جگە لە شارومەندێکی مۆدێرنی ئەورۆپی، کە تا رادەیەکی زۆر زانستی بە سەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی، رامیاری، ئابووری و تەنانەت باری دەروونی تاک یا کۆدا هەیە و گەرەکێتی مەبەستگەلێک بدۆزێتەوە لە دەقەکان کە تایبەتمەندی ئەمڕۆ و ئەو سەردەمەی بەسەرەوە دیار بێ و ئەو کەسایەتییە تاکەی ناو کۆمەڵگایەکی بەو تایبەتمەندییە، ئەو دوو بۆچوونەی کە لە لایەک، بەگشتی کۆی خەڵکی کۆمەڵگا وەک خوێنەر دەناسێنێ و لە لایەکی تریش تەنیا کۆمەڵێک کە خوێندەوارییەکی بەرزیان هەیە و لە حاستی ئاکادیمی دان وەکوو خوێنەر پێناسە دەکا، رد دەکاتەوە و خۆ وەدەر دەخات و خۆی لە بەرانبەر دەق و زمان و جوگرافیا و ڕێبازی جۆراوجۆردا دەبینێتەوە و هەر کام لەو چەمکانەش کاتێک لە بەردەنگ دەدوێن، لێدوانی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆ وێنە مرۆڤێک کە لایەنگری ڕێبازی مۆدێرنە بە شێوەیەکی تایبەتی بەردەنگی خۆی پێناسە دەکا و مرۆڤێکی تر کە لایەنگری ڕێبازێکی تری پێناسەیەکی تر دەستنیشان دەکا و بە گشتی ئەوە بەرهەم یا دەقە کە بەردەنگی خۆی دیاری دەکات .

ئەگەر بێتوو لەم نێوەندەدا لە سەر خوێنەر و بەرهەمی کوردی بدوێین پێویستە ئەوەی لە بەر چاو بگرین کە خوێنەری کوردی ئاگا و چالاک و متمانەبەخۆی دەقێکی کوردی بە سرنجدان بە وێنەکان و وێناکردنیان لە زەینی خۆیدا و تێکەڵاوکردنیان لەگەڵ جیهانی ناوەڕۆکە عەینییەکانی هزری خۆی کە جیاوازە لە جیهانی هەر مرۆڤێکی غیری کورد، و کراوەتر بۆ وەرگرتنی زۆربەی هەرە زۆری تێئور و بیرۆکەکان؛ کەوایە دەکرێ بڵێین دەتوانرێ بە شێوەیەک هەموو ڕەهەندە گونجاو و تەنانەت خاڵە بێهێزەکانیش بدۆزێتەوە و لە ئاوێنەی زەینی خۆیدا ڕووتیان بکاتەوە و بە لێکدانەوەی تایبەتی خوێنەرێک، خۆی بگات. بەڵام ئایا کۆمەڵگای ئێمە هیچ بەرەوڕووی ئەو مۆدێرنبوونەی بووە کە بتوانێ خوێنەرێکی ئەورۆیی و دواتر بەرهەمێکی مۆدێرن بخولقێنێ؟ ئایا گەشەی هزری ژیانی ئێمە توانیویەتی خۆی لەو مۆدێرنبوونەی نزیک بکاتەوە؟ یاخود چ بابەتگەلێک دەبنە هۆی ئەوەیکە هزر لە کۆمەڵگایەکدا بەپێی سەردەمی تایبەتی خۆی مۆدێرن بێتەوە ؟تاکوو چەن پیویستە، ئەم تایبەتمەندییە لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆ بەدەستەوە بدات و تاکوو چەن دەستنیشانکردنی نەما و هێماکانی مۆدێرنیزاسیۆن ڕێنموێنیمان دەکەن بۆ هەست پێکردنی ئەم ژانرە سەرەکییە لە ناو چوارچێوەی ژیانی ئێمەدا؟ ئەمانە و زۆر پرسیار گەلی تر هەن کە زەینی مرۆڤی بۆ دۆزینەوەی پێوەندی نێوان خوێنەر و نووسەر و کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بەو توانا ئەقڵانییەی کە لە بەدیکردنی کۆمەڵگای مۆدێرن و لە ڕاستیدا دەستنیشانکردنی خاڵە بەقەوەتەکان و ڕووەو مۆدێرنی زەینی هەر مرۆڤێکی ئاگا یارمەتی دەکەن. بە ڕای من دەسپێکی مۆدێرنبوونەوەی بیر و هزری مرۆڤ ئەو کاتەیە کە مرۆڤ خۆی ئەو مەیل و خۆازە و ویستەی لە ژیان و گەشەی بیری خۆیدا هەست پێبکا. بەڵکوو سیستەمی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر هزری ئێمەدا ئەو هەڵەی نەڕەخسێنێ کە لە بواری ئابووری و ڕامیاری و... بەو گەشە و پێشکەوتنەی کە جێی سرنجە، بگات؛ بەڵام لانیکەم گەشەی کۆمەڵایەتی گشتی کۆمەڵگا ئەو تواناییەی هەبوو کە بابەتگەلێکی هۆنەری و ئەدەبی بەقەوەت بەرهەم بێنێ کە لە کۆمەڵگای جیهانیدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و خوێنەری پڕ لە وزەو توانایی پێشکەش بکات . ئەو سەرکەوتنە ڕووی داوە و پێویستە هەوڵ بدەین خوێندنەوەیەکی باشی بۆ بکەین .ئەم دەسکەوتەش دەرئەنجامی هەلومەرجێکە کە لە لایەن هیچ دەسەڵاتێکی دیاریکراوەوە تاکوو رادەی پێویست پیشتگیری لێنەکراوە و بێگومان ژانرێکی تایبەتیش کە بەرهەمی ئەم کەشوهەوایە بێ ،بێبەری نابێ لە تەنگەژە و قەیران و لە ڕاستیدا ئەوە ڕەوتێکە بە سەر هەموو ئەدەبیاتە گەورەکانی دنیاشدا زاڵ بووە و زۆر جار ئەدەبە دەست ڕۆیشتووەکانی جیهان تووشی قەیرانی جۆر بەجۆر بووە کەئەگەر نووسەر یان دەقەکان لایەنێکی پێکهێنەری قەیران بوبن خوێنەریش لایەنێکیتری بووە.

پێویستە سرنج بدرێتە ئەو ئاستەی کە بۆچی لە زانکۆکانی ئێراندا، تەنیا لە خۆڵی کارناسی ئەدەبیاتدا (حافز) یەکێ لە وانە هەرە گرینگ و چەتوونەکانی ئەدەبیاتی فارسییە و چوار واحیدی بۆ تەرخان کراوە و ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەر ئێرانییەک یان لانیکەم هەر پەرتووکخانەیەکی بنەماڵەیی ئێرانی کتێبی حافزی لە ناو کتێبەکانیدا جێ کردۆتەوە و بەڕای خوێنەری حافز بە بێهیچ گرفتێک دەیخوێنێتەوە و شی‌دەکاتەوە؟!! کەوایە لێرەدا کۆمەڵگا تووشی قەیرانێکی هزری لە بابەت شێعر بووە و وەک خوێنەرێکی ئاسایی یان مام ناوەندی تێگەیشتن و پێگەیشتن لە دەقێکی شێعری بە جۆرێکیتر وەردەگرێ و لە ڕوانگەی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ شێعر دەکا. ئەگەر بێتوو مێتۆدێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تێکست یان بەرهەمێکی هۆنەری نەبێ و تەنیا نرخێک کە تێکستی پێبەند بکرێ بۆ وێنە نرخی سیاسی و ئایدۆلۆژی بێت ئەوە ئەو پاژە لە خوێنەر دەگرێتەوە کە لە پۆلێنکردنی خوێنەردا لە بەشی خوێنەری کۆشندە، جێگر

هەوارنامەی کتێب

دەبێ ، واتا ئەو خوێنەرەی هەوڵدەدات بۆ بەستنەوەی نووسەر بە قالبێکی دیاریکراوی نووسین و تێگەیشتنێکی دیاریکراوەوە لە ئەدەبیات و ئەو هێزەیە کە تەنیا باشی و خراپی تێکست دەستنیشان دەکات، ئەو بابەتە ئایدۆلۆژیکەیە کە دەقەکان یان تێکستەکان دەبێت هەوڵبدەن تەعبیری لێبکەن و ئەو هێزە مۆقەدەسەیە کە نووسین دەبێ لە خزمەتی دابێ و ئەدەب و رەخنەش دەبێ تەعبیر لە دەنگی ئەو و بڕیاری پێوەرەکانی ئەو بکەن. ئەوەش رێگرە لە کارێکی داهێنەرانەی فردی و کاراکتەری ئازاد و سەر بەخۆی نووسەر لە حاستی هاتنە زمانیدا و بریتیە لە دەنگی چین یان توێژێک کە هۆشیاری نووسەر دەکاتە نێوەندێک بۆ خۆی و لە رێگای ئەو نێوەندەوە دەدوێت. بەڵام خوێنەر ئەمازەیە بۆ هۆشیاربیەک کە هێزی ڕاڤەکردن و روانینی لە هێزی ڕاڤەکردن و روانینی نووسەر تێدەپەڕێت. خوێنەر ئامازەیە بۆ هەر کەسێکی کە ئازادانە بیر دەکاتەوە. لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەموو ژانرەکان یاخۆد با بڵێین ئەوانەی پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە لە پێشکەوتن و گەشەسەندن دان و ئێمە ناتوانین بۆ وێنە بڵێین ئامارییرکاری لە گەشەکردن بوەستێ تاکوو کۆی خەڵک برۆن و رەوشتەکانی ئاماری بخوێنن و تا ئەوکات ئامارییرکاری مافی پێشکەوتنی نییە (ئایا ئەوە راستەو دەکرێ) ئەلێرە دایە ئەرکێکی دیاریکراوی‌تر بەرەوڕووی خوێنەر دەبێتەوە .

بابەتێکی دیکەی جێی سرنج ئەوەیە کە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا شێعر هۆنەری یەکەم نییە و موسیقا و بگرە تارادەیەکیش سینەما زۆر دەست رۆیشتووتر و جێگرتر بوون و بەو شێوەیەی کە پێشتر شێعر دەخوێندرایەوە ئێستا وانییە؛ هەر بۆیەش کە کەمتر بەرەوڕووی کۆمەڵگا دەبێتەوە کەمتر هەستی پێدەکرێ و چاوەڕوانیش ناکرێ بە بێچەرمەسەری وەربگیردرێ. ئەمە لە حاڵێک دایە کە شێعری نوێ دەرەتانێکی زیاتری لە بەرانبەر شێعری بەرەکانی پێشوودا، بۆ ئاڵوگۆڕ و جڕپاندنی فۆرم و ناوەرۆکگەلی جۆراوجۆر و لە ئاکامدا گۆڕان و پێکگۆڕینەوەی خواستە شێعرییەکان هەبووە، ئەوە سەیر نێ کە خوێنەر لەو تیژڕەوی و پێشکەوتنە جێ بمێنێ یا دوابکەوێ.

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکی هەرە گرینگ و جێی رامانی شێعری نوێ و سەردەم کە هەڵگری وزەکانی تاک گرایە؛ ئەو تایبەتمەندییەیە کە وایکردووە سەرهەڵدانی شێعری نوێ تا ئەمرۆکە لانیکەم پانزدە رەوەندی شێعری لەخۆ بگرێ وەک شێعری شێت، داستانە شێعر،ڕۆمانە شێعر، شێعری ئاڵۆز و چرکانە و هتد. کە تا چ رادەیەکی ڕێوشوێنی خۆیان دۆزیوەتەوە و کاری بەکەلکیان بۆ کراوە، جێی رامانە. تاک گەرایی دەبێتە هۆی ئەوەیکە نەتوانرێ فیلدە وێکچووەکانی نێوان رەهەندە جۆراوجۆرەکان بدۆزرێتەوە و ئەم نەدۆزینەوەیەی وێکچوونانەش خوێنەری تووشی وەستانێکی زێدەتر دەکات. بۆ وێنە ئەگەر ئێمە بڕوانینە ژانرە ئەدەبییەکانی کوردی دەیەی شەستەکان کە خواستی سەرەکی ڕۆشنبیرانی ئەو کات دوان لە مەڕ شۆڕش و خەباتی چەکداری بووە و لە راستیدا هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەردەمەی بووە و کە ئەو دەرگایانەی کۆمەڵگای بۆ ئەم نەوە نوێیە ئاوەڵا کردووە؛ بێگومان شێعریش وەکوو هەموو ژانرێکی هۆنەری‌تر منالّی سەردەمی خۆیەتی و سەردەم لە ناویدا رەنگی داوەتەوە کەوایە خولقانی حەماسە و بەهێزکردنی ڕووحێکی بەرگریکەر وەک ئەرکێکی گرینگ بۆیان دیاری کراوە، بەچەشنێ کە دەکرێ تێگەیشتنێکی سەرجەم وەدەست بێنین، چونکە بەگشتی ستراتیژییەکی دیاریان هەبووە و خوێنەریان بەرەوڕووی هەڵوێستێکی دیاریکراو کردووە. بەڵام لە شێعری سەردەمدا کە لەراستیدا بەرهەمی هەلومەرجی سەردەمی خۆیەتی ئەم گوتارە روانینێکی زۆر جیاوازتری لە سەر دەکرێ و خوێنەری راستەقینەی ئەم گوتارە نۆیەش پێویستە هێزی پشکنینی فرەتر بێ.

لەو جوولّەی نوێخوازەی شێعری کە لە رەوتی شێعری کوردی و لە چەرخەی شێعری جیهاندا دەرکەوتووە شێعر بووە بە دەنگی شاعیر، واتا دەنگێک کە لە ناوەوە سەرچاوە دەگرێ؛ لەو چوارچێوەیەدا ئامانجی شێعر دۆزینەوەی خۆد و تاکی خۆدە کە هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە ناوەرۆک لە دەقدا شاراوە بێ و ئەوە تەنیا تەئویل و شرۆڤەیە کە ناوەرۆک بۆ دەق دیاری دەکات. هەر خوێنەرەش تەئویلی تایبەتی خۆی هەیە و بۆی هەیە بە جۆرەها تەئویلی لە سەر بکرێ و ئەوە بایەخێکە کە لە شێعری نوێی سەردەمدا بە هیچ جۆرێکی حاشا هەڵناگرێ.شێعری سەردەم لەوە دەرچووە کە وشەی جوان و رازاوەی زمانەکەی کۆ بکاتەوە و رێکوەندی لەبار تەیار بکات و لە رستەدا بیگونجێنێ و چێژێک بە خوێنەر بدا، بەڵکوو ئەو چێژەش بەتایبەتی نەبێ و تەنیا تێگەیشتنێک هەبێ. پێویستی شێعری ئەمڕۆ ئەوەیە خوازەی کۆمەڵگایەک کە بەڕواڵەت ناگوترێ بڵێتەوە، واتا ئەوە بڵێت کە ناگوترێ کە ئەمەش پێویستی بە کەرەستەیەکی زمانی تایبەت هەیە کە لە قەوارەی نۆرم و یاساکانی زمانی ناگونجێ. شێعری سەردەم هەڵگری ئەوە نێ کە وەک رستەجاری لێبکرێ و لە ژێر باری دوو یاسای سەرەکی رستەدا بێ کە یەکەمیان یاسای رێزمانییە و دووهەمیشیان ئەمەیە کە لە بواری

لۆژیکەوە وەربگیردرێ. زمانی شێعری بەگشتی ئەم دوو یاسایە دەبەزێنێ ئەگەر بێتوو باس لە زمانی شێعری سەردەم بکرێ ئەوە بە تەواوەتی لەم دوو یاسایە دوور دەکەوێتەوە و هیچ سنووردێکی دیاریکراو وەک پێوەر ناناسێندرێ و لادان لە یاسا و نۆرمەکانی زمانی وەک پێوانەیەکی ئیستاتیکی لێی دەڕوانرێ و خاڵێکی بەقەوەتە بۆ هەڵسەنگاندنی شێعرییەت.

شێعری سەردەم شانازی بەوە ناکا کە واتا و مانایەک دیاری بکات بەڵکوو ئەوە واتا سازبوون و پتانسیل و حجمداربوونی بۆ پێکهێنانی واتا و تەئویلگەلی جۆراوجورە کە دەبێتە هۆی شانازی دەق . دەق تا چەن تەئویلی نوێ بە خوێنەر بدات خوێنەر ئەوەندە مەودای تازە بۆ دەقەکە بەرهەم دێنێ کە بۆی هەیە هەندێ لەو مەودایانە لە دەقدا هەر نەشبن و ئەمە ئەو حاستەیە کە خوێنەر لە باری دەروونییەوە تێر دەبێ و لە دەقیش نزیک دەبێتەوە و هەر چەن خوێنەر شارەزایانە بۆ دەق بچێت و دەقیش دروست بێ ئەو کاریگەری و کارلێکی دوو لایەنە بەقەوتتر دەبێ. واتاسازبوون لە دەقە کلاسیکەکانیشدا تارادەیەکی هەبوو و کاتێک نووسەری دەقێکی کلاسیک مەبەستی بووە کە لە تەکمانایی بێتە دەرێ کەم تا کورت دەستکاری زمانی کردووە و لە نۆرم و یاساکانی زمانی لای‌داوە، بۆ وێنە لە ئاستی لادانی گەیاندن لە جۆری دابڕان، وەها کە چەن بیرێک کە لە رووی لۆژیکییەوە پێکەوە نابەسترێنەوە بە یەکدی لکێندراون.

هەروەکی پێشتر ئاماژەی پێکرا زۆربەی هەرەزۆری دەقەکانی سەردەم هەڵگری لێکدانەوەی جۆراوجۆر و جیاوازە و هیچ قەتعییەتێک بۆ واتای دەق دەستنیشان ناکرێ و چوارچێوەیەکی تایبەت لە بواری مانایی، دەقی لە ناو خۆیدا حەشار نادا. ئەوە لە راستیدا واتای نەمانی دەسەڵاتی هزری نووسەر دەگەیەنێ؛ ئەو دەسەڵاتەی کە وابکا لە دەقێکی داخراوەدا بە یەقین و حەقیقەتێکی موتڵەق کە نووسەر بە رای خۆی ئاگاداری ئەم حەقیقەتەیە و بە تەمایە دەقی پێ برازێنێتەوە و بە جەبر هزری خۆی بە سەر خوێنەردا بسەپێنێ. بە پێچەوانە پیویستی دنیای نوێخوازی ئەمڕۆ ناراستەکردنی دەقێکی کراوە لە لایەن نووسەرە کە تا ئەو رادەیەی دەرەتانخواز و هەڵگری تەئویل بێ کە خوێنەر بتوانێ چالاکانە لە پرۆسەی زاڤەبی‌یەوە بەشداری لە نووسینی دەقەکەدا بکات بەو مانایەی کە سنووردارى و تاک لایەنی دەلالەتی دەق لە چوارچێوەی دەسەڵاتی هزری نووسەر لە دەقدا وەلانرێ و لە ئاکامدا دەوڵەمەندی و فرەلایەنی دەلالەتی دەق جێگری بێ و فرەلایەنی خوێندنەوە بەرهەم بێنێ وەها کە هەر خوێندنەوەیەک ئەویتر هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەم هەڵوەشاندنەوە نەک بە مانای سڕینەوە و نەهێشتنی خوێندنەوەکانی بەدوای یەکدا، بەڵکوو بە مانای کەڵەکەبوونی خوێندنەوەیە و دەق دەوڵەمەند دەکات و لە راستیدا هیچ کام لەم تەئویل و لێکدانەوانە ناتوانێ بە سەر ئەویتردا زاڵ بێ و بەگشتی خۆی بە سەر روانگەکانی تردا بسەپێنێ، ئەمە نوێترین روانگەیە سەبارەت بە لێکدانەوەی دەق کە بیرمەندی گەورە هانز گێۆرگ گادامێر لە سەرچاوەیەکی بە نرخ واتا مامۆستای خۆی هایدیگەر شوێنی وەرگرتووە و بە ناوی هێرمنۆتیکی بۆنزایی (فەلسەفە) گادامێر ناوی دەبات ئەمە تایبەتمەندییەکە کە لە ژانرەکانی هۆنەری ئەم سەردەمەدا بەگشتی چاوەڕوانی دەکرێ.روانگەیەکی هەرە گرینگ کە لەم زانستەدا بەرەوڕووی خوێنەر و دەق دەبێتەوە، تێکەڵاوی و پەیوەندی ئاسۆکانە، واتا تێکەڵاوی ئاسۆی خوێنەرە سەرکەووتووەکان دەگەڵ ئاسۆی دەقە. کەواتا ئەم ئەزموونە گۆڕەپانێکی بەرفراوانە بۆ پێوەندی نێوان دەق و خوێنەر. لە بواری لێکدانەوەی شێعریشدا گادامێر تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ئاسۆی راستەقینەی شاعیر واتا خواست و مەبەستی سەرەکی شاعیر و دووبارە بناکردنی بە ئەمرێکی خەیاڵاوی دەزانێ چونکە کارێکی وەها جەغزی کاری خۆدی شاعیر واتا شێعرنووسین دەگرێتەوە و ئەمە ئیشێکی دوور لە واقعییەتە و ئەگەر ساکار بووایە ((هەموومان دەبووین بە شاعیر)). لە ئاکامدا هەموو کات بۆشاییەکی بەرتەسک لە نێوان نووسەری دەق و خوێنەردا دەمێنێتەوە وا باشترە بڵێین هیچ کات بە تەواوەتی پڕ ناکرێتەوە. بەگشتی تەوەرەی سەرەکی و بەرباسی ئەم زانستە بریتییە لە تێگەیشتن و ناسینی دەلالەتی دەق و دەربڕینەوەی ئەو تێگەیشتن و دەلالەتانە بە زمانێکی‌تر و تایبەت بە خۆیە (نەک نووسەری دەق)ە.

سەرچاوەکان:

١. بحران مخاطب در شعر امروز، گفتگو با بهزاد خواجات
٢. کتاب کوردستان.ئاوزمەندیتی کوردی لە نێوان ... رەهبەر مەحموودزادە
٣. خوێنەری کۆشندە. کزمەڵە وتار بەختیار عەلی
٤. هیرمینۆتیک و پرۆسەی خوێندنەوە و نووسین، دارا مەحموود



دوو پرسی بە ورە لە دنیای تاریکیدا

سەباح محەممەدی

با سەرێک لە گلێرگە ئەدەبییەکان بدەین و بزانین یەکەمین پرس، هەست، حەز و خولیای هونەرمەندان بە گشتی و شاعیر بە تایبەتی چییە؟

با بزانین شێعر، داستانی کورت و بەربڵاو، ئاوازی ڕەسەن و ڕاپایی و بیری بۆنزایی، لە چ ئاستێک پێناسە دەکرێن؟ بۆ وەڵامی چەن پرسێک ڕوو ئەکەینە دنیای تاریکی. گەلێک مرۆڤی بەهەست، چرکە چرکەی ژیانیان تەرخان دەکەن بۆ:

- فێرکردنی لاقیان بۆ هەڵپەڕکێ و هەڵاتن.
- چنگیان بۆ ژەندنی چەنگ.
- هەڵگلانی ڕەنگەکان بۆ باڵاکێشی نیگارێ.
- ڕیزکردنی وشە بۆ سەروا و دواهەناسەی هەڵبەستێ.
- بیرکردنەوە بۆ تاشین و چڕۆی بڕوا و بونزایی.

لە قەڵای هونەرەوە لەم هۆڵەدا کۆمەڵێک خاوەن هەست و بیر و ڕوانگەی ڕەنگاڵەیی و جۆراوجۆر حەڵقەیان داوە و ڕوخساری یەکتری ئەکەنە ئاماژەی پرس. لە ڕاستیدا هەر کەسێک مامۆستایە، لە ڕووی پرسەوە و خوێندکاریشە لە ڕووی ڕوانینەوە.

لەو هەموو پرسە هەنووکەیی و سەردەمیانەدا، با پرسیاری شێعر و شاعیر هەڵواسین و لە تەختەی تاریکی گلێرگەوە، پرسیارەکان شی کەینەوە و پەردەیەکی ڕوون و سپی، لە ڕووی تەختەی ڕەشکراو بە ڕەنگی سپی، پاک بکەینەوە بە دوربین نا، بەڵکوو بە چاوی خۆت و لە ئاستی ڕۆشنبیری خۆ، تەختەی تاریکی ڕەش کەینەوە. وەرن با پێکەوە بچینە دنیای تاریکی، وەرن مەترسن. پرس ڕامان دەگرێ. ئێرە دنیای تاریکییە و پڕ لە جوانی. تەنیا بۆ شێعر بڕوانن و شاعیران بدۆزنەوە.

چۆن بچینە دنیای تاریکییەوە و چۆن شێعر و شاعیری بدۆزینەوە؟ چاک دەزانین کە هەر شتێک لە تاریکیدا گەوهەری بوونی ڕاگرتووە. واتا جوانی شتەکان بەستراوە بە نادیاری و ناشکرانەبوونیان. تکایە ترس بشکێنن و یەکەم هەنگاو بگوازنەوە. باوەڕ بە ورە بهێنن و بە ورەوە بچنە نێو تاریکی شتەکان. کانت دەڵێ:«جوانی لە ناخی مرۆڤدا دەژی و ڕاستیش لە دەرەوەی مرۆڤ» شێعر ڕاستی نییە، جوانییە. مرۆڤ یەکەم جار شتێک دەڵێ تا بگاتە زانست (بیرۆکە). جاری دووهەم بۆ زانستەکردنی بیرۆکە، دەیشڵەژێنێ و بە کاری دێنێ. دوایین جار داهێنانە. ئێمە بە دووی داهێناندا هاتووینە دنیای تاریکی. لە ڕاستیدا دەروونی شاعیران تەنراوە بە خەیاڵ و لێبوونەوە بۆ داهێنانی شێعر و جوانی، ناخی خۆیان شی دەکەنەوە تا شین ببن.

کۆمەڵێک باوەڕیان بە خودایە و لە دنیای تاریکی سرووشتدا بۆ ستایشی خودا لە ڕووی جوانییەوە ڕوو لە شێعر دەکەن. چونکە باوەڕیان وایە: خودا لە سروشتدا جوان دەردەکەوێ. قوولبوونەوە لە ناخی شتەکان ـ واتە چوونە دنیای تاریکی ـ چرای ناوێ بەڵکوو بەستێن و هەوای شاعیرانەی دەوێ. هەوا و ئاهەنگی ئەو بەستێنە، چوارچێوە و چۆنییەتی شێعر دادەتاشێ؛ بۆ وێنە، لە شایی و گۆوەدێدا، شێعر گەش و گورج و بەبزەیە و لە بەستێنی دارمان و تەمتوومان و گیانگلاندا، شێعر، کز و زیز و خاو و تاکەڕەوە. لە بەستێنی بیر و هزریشدا، شێعر مات و گران و بڕۆزە و تەنیا حەز و خۆشییەکی دەروونی بە شاعیر دەبەخشێ.

ئێرە دنیای تاریکییە بە ورە هەنگاو هەڵگرن و پرس باوێژن. پرسی شێعر. شێعر چییە؟ بیرێکی لە بڕانەهاتوویە. شەمالّە کە بە ناوەخت هەڵدەکات و وشە گەڵای هەستی شاعیر گەسک دەکات و بە گۆرانی دەیانچڕێ.شێعر هەنگە کە لە کەندوو هاتە دەرێ «پوورەی تازە» لێی گەڕێ با لە گۆنای هەر گوڵێکدا باڵ داگرێ و ماچی هەنگوێنی لێبگرێ. شێعر هەستێکی تازەیە لە هەوادا، ڕێکی هەستبزوێندا دەبزوێ و وشەی تازە و نوێبەرە، زمانێکی بێژەنەکراو و کراوە بەدیدێنێ. باڵای شێعر بە قەت ڕوانینی شاعیر باڵا ئەکات و گەشبوونیشی دەگەڕێتەوە بۆ گەشبینی شاعیر.

لە بیرمان بێ ئێمە لە جیهانی تاریکی داین و شێعر دەچنین. شێعر ناخوێندرێتەوە هەستی پێدەکرێ. هەر شتێکیش هەستی

پێکرا خۆشی دەبەخشێ و پێی سەرمەست دەبێ. هەر شتێکیش هەستی پێنەکرا، بۆی نییە بڕیاری لە سەر بدات. واتە چونکە هەستی پێنەکردووە کەوایە شێعر نییە.

هەر کەسێک شوناسی شێعر یان هەر شتێکی دیکە لە مێشکیدا هەر چۆنێک بێت بەو پێوانەوە شتەکان هەڵدەسەنگێنێ. بە واتایەکی دیکە بە پێی شوناسی دەروونی و بیرورای خۆی ئەگەر هەر پێناسەیەک دەگەڵ مێژگی جووت نەبوو دەیباتە بەر پرسی هەڵەتوپەڵەت و ڕەتی دەکاتەوە. ئیدی ئەوە نازانێ، کە هەر مرۆڤێک ئەو مافەی هەیە بە هەستی تایبەتی خۆی شێعر بڵێ. لە دنیای تاریکیدا کەس ناخوێندرێتەوە بەڵکوو هەستی پێدەکردرێ. دڵنیاین ترس لە یەکەم هەنگاو بەرەو تاریکی بزر بووە و وەرە بەرەبەرە بالا ئەکات. هەنگاوەکانمان تاریکی با دەدات و پرس بۆتە چەکی وەرە، بوێری تەختەڕەشی داگرتووە و پرسی دووهەم دەنووسێ: شاعیر کێیە؟ و دروشم و هێمای شاعیران چۆنە؟

شاعیر، جەهانکێڵی تاریکییە و ئەندازیاری هەست و شمشاڵی وشەیەو گوڵدان و گۆپیتکەی دڵە. ئەرکی شاعیر دەربڕینە. پیاسەی شاعیر بێشەڵانی تاریکییە بە بیر هەستی حەز و خۆزگە و هیواکان دادەڕێژ. شاعیر بە قەت باڵی خۆی شێعر بەرز دەکاتەوە و بە قەت ڕەنگوبۆنی خۆی ڕەنگ دەداتەوە، دەنگیشی بە قەت دەنگی خۆیە. منداڵ دەتوانێ شێعر بۆ منالان بڵێ و گەورەش بۆ گەورەکان. هەڵەیە شاعیری گەورە بە قەت باڵای هەست و بیری خۆی لە چوارچێوە و وشەی منالانەدا بۆ گچکەکان شێعر بنووسێ.شاعیر شێعر دەڵێ. ئیدی لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە چی دەنوێنێ و ئاماژە بۆ چ دەکات و شوێن لەسەر چی دادەنێت، کام گرێ دەکاتەوە هەستی کام کوڕ و کناچێ دەبزوێنێ و لە گەردنی کام گراودا بەدیدەکرێ، یان کام ڕەوتی ڕامیاری بزر دەکا و کام عەشوق دەگرێتەوە، پێوەندی بە شاعیر نییە.

ئەوەی بەلای شاعیرەوە گرینگە ئەوەیە کە شێعری بە قەت ڕوانینی خوێنەران و ئەویندارانی ڕووناکی، کراوەتر و گەشاوەتر بێت و سنوور نەناسێ.«شێعر پرسیارێکی بێسنوورە» تەنیا لە دونیای تاریکیدا سنوور و دابەشبوون و چوارچێوە"قالب" واتای نییە. شاعیر هەگبەی پرسیارە، پرسەکانی بێ وەڵامن. دواییش وشەی شێعری شاعیر خودی شاعیرە کە نانووسرێ. شاعیر دەم بە دەم و پێگە بە پێگە جلوبەرگی تازە لەبەر دەکات و هەنگاوی تازە دەڵدێنێ. شاعیر بە کاژفڕیدان و کاژگۆڕین و نوێبوونەوە دەمێنێتەوە. » شاعیر لە شێوە و ڕەوتێکدا ناگلێتەوە بەڵکوو ئەو شێوە جۆراوجۆرە و جوارچێوەی بە بیر داتاشراو لە زمانی شاعیردا دەگلێنەوە. شاعیر ئەگەرچی خاوەن هەستی نەکێشراوە، بەڵام خاوەنی ئەندێشە و بیری تیژە کە لە دنیای تاریکیدا شێعر و شاعیر بەرەو ڕووناکی و دنیای ڕاستی، لە چوارچێوەی شێعرێکی خوێندراودا دەگواێزێتەوە. ئێرە تەختەی ڕەشی نەکێشراو بوو کە تەنیا وەرە قارەمانی تاریکییە و ترس لە دنیای شاعیراندا ناژی. دەبا بگەڕێینەوە دواوە و بە وەرەوە تاریکی بە ڕووناکی ببەخشین. ئێوە شاعیری تاریکین، تەنیا شاعیرانی بە وەرە دەتانخوێننەوە.

دەست ماچ دەکەم ئەی با
کە پرسەکانم هەڵنەگری و
ئەیانبەخشی بە تاریکی
بەیانی زووش شەمالّی شێعر ئەهێنی و
ڕەشمالان ئەیهۆننەوە.

هەواڵنامەی کێژ



ڕۆژەکەی: ڕێژنە باران و شوان و شاباز، هەڵۆ و کۆتر

ئەیوبەکر ڕەشیدزادە "قۆرات"

هەورە تروسک
هەورە گرمە
هەور و هەڵا
هەورە باران
...
بارانەیەک دەستی پێکرد و دایدایە
ئەمان باران
ڕێژنەیێ وا:
نە هیچ بازێ، نە هەڵۆیەک
نە هیچ کۆترێ
لە فڕگەی دا، لە ئاسمانا
پێنەوەستا
کە خۆی بگرێ...
"شوان": ، ... دەیتوانی:
ئەگەر ویستبای
لە شوێنەکەی خۆی رابکا
بەرپرسی خۆی بەجێبێڵێ
خۆی لە ماڵە ئاغای راکا
بەڵام نەیویست بەڵام نەیکرد
جێ و شوێنگەی خۆی جێ نەهێڵا
هەر بە تەنیا کەپەنێکی بەری خۆیا
بەسی کرد
وە بەمە سازا و
خۆی داپێچا

ئەما باری ...چ بارانێ؟!
لەم ڕێبازە و
لە قۆناخی ئەو بەسەرهاتەدا
هەور:
ئەو داستانەی
بە هەر چەندە دەریایەکی قوڵ و هەمە ئاو
کە لە دڵیا هەڵی گرتبوو
بە هەر چەندە بارانێکی
کە لەگەڵ خۆیا هێنابووی
زۆر بە وردی، پەڵە پەڵە
بە ناخی گوێی زەوی بەژ و
وشکەهەڵاتووی ... گیان مردوودا
بە بانگ و سەلا... خوێندەوە
وە پەڵەی دا
.....
ئەوسا ساوی کرد ئاسمان
هەتاو بۆ ئاسمان و سەر زەوی گەڕایەوە
تاوێکی گرت
ئاڵەکۆکێکی پرچنە و "ئاڵایەک" لە زەوی رووا
"باز"ێک هەستا
لە سەرشانی شوانەوێڵە نیشت و
"هەڵۆیە"کیش لە سەر سەریا هێلانەی بەست
"کۆتریش" هاتوو
لە سەر بەری هەردوو دەستی لە یەکتری گرێداوی شوانەی
ئازاد
هێلکەی داناو
لە سەر هێلکەکانی
هەڵنیشت.



ئەبولقاسم مۆئەییەدزادە

شەوگارێک بوو شەوگارێک بوو...
خەون پەنجەی دەگەڵ خەم و خۆف و خەفەت تێکەڵکێشا
مۆتەی شێعرێک لە دایک بوو
ڕۆژگارێک بوو ڕۆژگارێک بوو...
شەوکە پەنجەی دەگەڵ هەتاو تێکەڵکێشا
بوومەلێڵی سەمفۆنیای زەرنەقووتە لە دایک بوو
هاوارێک بوو هاوارێک بوو...
هەور پەنجەی دەگەڵ زەوی تێکەڵکێشا
خونچەی بزەی مۆنالیزا لە دایک بوو
بەهارێک بوو بەهارێک بوو...
سەوزەزارێک خۆی دە کفنی خوێن هەڵکێشا
پەپوولەیەک لە دایک بوو،
ورشەی باڵی گرشەی سەمفۆنیایەک بوو

****

ئەوە دڵمە! ئەوە دەنگی تەپڵی دڵمە!
کە بە نەردیوانی ستوونی فەقەڕاتی مێژووی شەڕدا، هەڵدەچێتە تەسخیری فەزای جومجومە
ئەوە دڵمە! ئەوە خوڕەی خەمێنی دڵمە
کە بە ریشەی مێژووی ڕەشدا، هەڵدەکشێتە لق و پۆپ و گەڵای شێعرێک
سپی وەک سپێنەی هەتاو

****

پەنجەم دە کانی هەڵکێشا گمەی کۆتری لێدەتکاوە
پەنجەم دە ڕووبار هەڵکێشا هاژەی واژەی لێدەتکاوە
پەنجـــــــەم دە وشە هەڵکێشا تک تک پیتی لێدەتـــــکاوە
پەنجەم دە هەور هەڵکێشا گۆزەی سەرەوژێری شێعری لێدەتکاوە
پەنجەم دە دەریا هەڵکێشا تەمتوومان و هەور و هەڵام لێدەتکاوە
پەنجەم دە هەستم هەڵکێشـــــــا پەنجەرەیەکـــــــم لێکراوە
ئوقیانووسێک دەریا دەریا هەڵدەدراوە.

هەوالنامەی کتێب

پرمە کە شەرم دەکا "شەرم" پش دەیخوسێنێ!

شەریار گولابی ئازەر

خلۆرتر، کەسێ پێمان دەڵێ:
بەر لەوەی دەرگای کچێنی دابخەی
چاوێ بە پەنجەرەدا بگێڕەوە
بەر لەوەی پشیلەیێ بە پەنا دیوارێکەوە خۆ کۆرتاژ کا
با ئەوە کچێ لە کرانەوەی دەرگای ژوورەکەیەوە
زۆر بە ئەسپایی بچێتەوە جلی فریشتەکان و
ساناتر بە پەیژەکانی دارێکەوە هەڵچێ
گەر لێرەوە هەژمێرگەی خەونەکان بزێ
زێیەتیتە، ـ زێین
لە پانتای ئێستاتیکای ناسینەوەتان
کە ناسین شرە بە دەم پاڵتۆکەتانەوە
پاڵتۆش ئاوەزی لە خوێن چڵێسی و
من چەکدار نیم و چاوەکان...
کەواتە خولەکێک خولانەتر، پێمان دەڵێ کەسێ:
تۆ شەرەفمەندی بە گەمژەیی و
گەمژەییتە، ـ گەمژەیی
شەرمەزارە لە ئازاری دوورەوەبوون
بەر لەوەی دەستەکان نەرم شل کەی
با باوەڕدانەیەک لە هەوڵدەرەکانی گومان بدرێ
گرنگتر لەو راڵە کا هەناسەیەک لە هەناسەدانی بەردەوامی
بەردەوامیتە، ـ بەردەوامی
وێکچوون لە هەڵچوونی بە سەر چۆلەکەوە بۆ کام بەهشت لە فرپەتی و
یەکجارە زیندوویی بە دەست سلارەوەیی رۆچنەیی و
دەفتەریش پرپەتی لە سەری رێبوار و هەرچی تریشقە تاقانە بێ
کە دەفتەرێک دابنیشێ
خەت تێیدا تریبوون رێکەوتێتی بۆ زڕانی دەنگ و
هاوار خڵتەیەکە ئەپێکێ لە گوێی یەکدیدا
هەر منم و تاقانە بە دەستی باڵێکەوە
تازە کە ئێوە لە خۆم بن بێدڵەراوکێ خێراتر لە کەسێ ئەڵێ
بەڵام نا...نا
تکایە، تکا
چرکەیەک مۆڵەتە، تا چراکان ون و
هیچ کامێرایەکیش خۆی بە تیشکی کارەبا نەوەشێنێ
دەنگیش لێرەوە بڕەوێنێتەوە

٣...٢... و هەرچێک...
هیچ خەیاڵێک بە دەم گومانەوە نەزێ و
لە سەدا سەدی لە گوێی یەکترا
سوێندن بە زەمان و
لە سەدا پەنجاشی بەو لاوە، هەر پیرییەتی و تەنانت گوێش پیرتر لە خۆ

ئەمجارە خوێن بە لەشیدا گەرم و
جەرگ رەش بە دەستی شەهوەتەوە
پەنجەرەش شڕ بە سووری لەش و
شۆڕ بە شۆڕەلیچەوە
چاوتە، ـ "کچ"
چاو،
کۆڵان و قاپیلکەی لەش و
منداڵیتە، ـ منداڵی
گریان بە ترسی شەی حەسار و ئیمانتەوە هەراسان
رەگەکان لە پیاوەتی و
قژەکانیش بە لە ناخی پەنجەکانەوە
لە نێوقەد بەو لاشەوە، هێماتە،
هێما
بۆ دابەزین
لەمپەر هەر تاقە وشەیەکیش لە چوار نوختە و خاڵدا
گەشترین حاڵەتیش تامێک بە دەم رووتی و
رووتیتە، ـ رووتی
هەرگیز ناشتشواتەوە، وێنە و دیجیتاڵ و گوشی بە دەستەوە
کە لێرەوە پێمان بڵێ کەسێ:
کات بزرینگێتەوە بە گوێدا
پیرەلاسارەکانیش لە بەر دەرگا ئەتەقێنەوە بە لاباجەی پیاسەدا و
ئیتر قژەکانیش هەڵنەچن بەسەر چڵی زیپکە ئاوسەکان و بگرە
کۆڵانیشەوە
کە داپەڕێ،

کە داپەڕێ چرکەیەک بەسەر شەودا
هەر نەبێ ژنێک جارزە بە بێتاقەتی شەونخوونی حەزەکانی و
[ئەو] دەکا بە موسیقای شەویەتی لە باوەش حەز بە دەم حیزییەتی
حیزیتە: ـ حیزی
ئیتر بێتاوانە لە درکاندن و شەرمەزار نییە زار لە تەڕایی
کە سات بەر لە خۆ داماڵین ئەڕوا بە کەلێن و قوژبنی ژووردا و
تەنانەت دایئەپۆشێ بە شاڵی سەر و کۆنە پەڕۆی ساڵەوە
تەنیایە سرتە بە گوێ و

تەنیایتە، ـ تەنیا
چ دەزانێ حەلاڵ خۆیەتی لە نەشۆرانەوە
کە لێرەوە ماسییەک دەستێ بە سەر پشتی ماسییەتیدا هەڵخلیسکا
ئا پیتەکانی ناوەکە ئاشنا و ئەبێ بپێکێ،ب...
کە خزمیش نەبێ هەر هاوشارییە و پەنجەکانیش بۆنی لێوەدێ
با شەرەف شەرەفمەند بێ بە وتن و
شەرەفمەندیتە، ـ شەرەف
هاوارە لە تریبوونی شارێکەوە شاگەشکە بێ بۆ ئەو پەنجانەی
شایەتمانەی شەو رادەکێشن و
زڕان بزڕێ بە داوێنی، "شەوە های شەوە"
ببوورن گەورەم،
ببوورن

ئارەزوو ئەحمەدی

پرچم خڕ کەوە
دەبا هەردێکان بێ ڕێگە بن
دامێنم لە سەدەی تەوێلی تێزاری هەنگاوت
گڕ بگیرسێنە
بە بسکم قامکەکانت بهۆنەوە
بە چاوت هەنیەم هەڵکێشە لە بینین
لە شەوارەی دەستم و دەستەکانت
بە شەلووکی ورتەی دڵ، دڵ ... ڕابردوو بدۆڕێنە
لە گومرگی پێڵاوەکانم
سەر بارانە هەر کۆچت و قەومی عادی دار فرسەقەکان
گەمیەی نوحینی مانّاوایەکی تاڵان بستێنە
قەرزەکانم بە تۆ پێدەکەنن ...
بیرەکانت لۆمەم
هەڵوێستی هەناسەت
دەقەیرانی زەوالیی هونەرمەندیی کوڵمەمدا
: ئەوە ژنێک بە دەم زاری هەموو ژنانی شارەوەیە و
ئەگەر هەوالّێ لە کچەکەی پشت تریبوونی بێکارەبای ئەو
ڕۆژەی لە سەدا پەنجاشی بەو لاوە کەڕیەتی
رابگەیینن، را...
لە پشت دەرگای مالّتانەوە
کلیلێک لە دەرکەی ژوورەکەتان دەسووڕێ!
راکەرییش تازە پیرەلۆکەکانی قرماخەی سەر کۆش
هەڵدەوەرێنێ و
بۆن بە شوومییەتی مالّەوە ئەکا
شوومیتە، ـ "کچ"
شوومی

ژینی بە چاوی مردووم دانەداتەوە
بڕژانگی ئەنگوت بژێرت هەر دەمێ لە سەر دەستانە...
بەفەلسەفەی وتووڕێتی و بێدەنگی و...
هێرشوڕی چاوەکانم
بسپێرە دەسکەنەی پەنجە نیگات و
دەبایە مەن چ ڕێ سەختە، بگرێتە ڕێ
سەرشەی جێپێکانم
بە پچکێنەڕێ مێژوو بەندن
سەراگۆمی خەون و لێلی و ساکارە دەرچوونی تەمەنم مەکە
دەنا من و
تۆ تۆ...
ئەڕێ...
کە هاتی...
دەستەکانت مەهێنە

هەوالّنامەی کێبڕکێ



ماسییەک لە گوێچکەتدا قڕ کە لە تینووان

هەرمان وەتمانی

تۆ بەم خەڵکە نازانی
کە دەبوو دووسبەی سێبەرێک
هەڵە نەکا لێت
ئەگەر زانیت مافت دەخورێ
تەلەفونێک بۆ کەس مەکە
با سااڵێک ڕەبەق
هیتلێر تفەنگت لە مێشکیدا بتۆقێنێ
وە ئەمجار پەلە بکە بۆ مردن
کە شەممۆ هەموو ڕۆژێ لەو لاوە تێپەڕ دەبێ
ئەگەر توانیت بەم خەڵکە مەزانە
یان هەر نەبێ زمانت گرێیەک بخوا
وە سااڵێک ڕەبەق بێزت لە کۆتر و فڕین هەستێ،
لە شووشەی فڕۆکەیەک ئاخ هەڵکێشە و مەڵێ:
مرۆڤ چییە؟!
هەر نەبێ کەوشەکانت لە مل کە و
چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر زیندوو بەوە
تۆ بەم خەڵکە نازانی
بۆیە سەددام کەوانەکەی لە گوێچکەتدا بەجێ ما
لە ڕووباردا ڕوخسارت مەبێنە:
تەورێک لە چاوتدا شین بووە
وە زمانت لەم ناوەدا خاوەن ڕا
حەول بدە خەونێکیش بە منەوە نەبینی
گرینگ نییە کەی
بە هێوری پەلە بکە بۆ مردن،
حەز بکە لە سەر سینگت کۆترێک ڕەسم کەی
وە چااڵێک لە ناخت دا کەمین بگرێ لێی،
کەوشەکانت دەربێنە
پرسیارێک بکە؛
ـ سەددام بێ کەوان لەم ڕووبارە مەلەی کرد؟!
هەر نەبێ بەم خەڵکە مەزانە
لە پەنجەرەی ماڵەکەت هەرایەک مەکە

وە ماسییەک لە گوێچکەتدا قڕ کە لە تینووان
مەجبوورم کە لەوێ نەژیم
تا باڵۆنێک سوارت دەکا و
بەیانییەک لە خورێنی قەبرێک بکڕی بۆ مردن
حەز مەکە تێیدا دانیشی
وە سەددام میوانت بێ لە وێدا
وا بزانە من خەریکە باڵ دەگرم و
باڵۆن دوورت دەکا لێم
هەمیشە کورسییەک بەتاڵ ببینە
وە من پرسیارێک کە نایکەم لێت،
دڵنیام هەر ئەوەندە غەریب بووی
نازڵ دەبی لێم
وە تەورێک لە ڕووباردا مێشکت دەکوتێ پێی
وا بزانە کەرکووک یاقووب بوو و
سەددام لە چااڵدا یۆسف نەبوو بۆێ
تۆ میللەتێکی لەم ڕووبارەدا...
حەز مەکە بکەوێ ناو چاڵ
من تەورێک دەبینم لە چاوت دا
وە پرسیارێک کە نایکەم هەرگیز لێت
ـ ئێستا بەم خەڵکە دەزانی؟!
هەر نەبێ مەمناسەوە
یان بڵێ کورسییەک بەتاڵ نابینم،
وە ئەمجار نازڵ مەبە لێم
دڵنیام هەر ئەوەندە غەریب بووی
پرسیارێک دەکەی
وە من خەریکە دوور دەبم لێت



عەبدولقادر نیازی

وەک دراوسێ
کە هەمیشە نکۆڵی لە نەردەی چاوی خۆی دەکا
بۆ لە بیرچوونەوەی پەنجەرەت بەسم،
مەسەلەن شاعیرێک لە ڕەگەزی ئاو
کە پێی وایە
چونکە ئاسمان دڕێژترین خەمی زەوییە
خەمۆکی دڕێژخایەنی مانگ ئەسبیش پێیدا ڕادەکا و کەس
نابینێ
یا...
خەونی دزراوی پەپوولە
نە هیچ گوڵێک ئەگەر لە بیریشی مابێ لە ترسی با
شاهیدییەتی
نە هیچ ژینگەناسێک بۆی دەسەلمێ،
[خۆزگەم بە خۆت شاعیر]..
شێعرەکانت؛
فلاشبەکی سانسۆرکراوی خەونن
یا...
ئەرێ ڕاستە دەڵێن ئەگەر باران شەڕگەی قڕی ژن نەبێ
هیچ ژنێکیش لە شێعردا پێتەختی باران نییە؟!
ژنەکەم دەڵێ:
ئەو شەوانەی شاعیر نی
لەوەیکە تاوانی شەو نەخەوتنتە و
هی پشیلە ڕەنگ
تێڵدڕووش ڕەنگە حیسابی کاموای لێبکرێ
ژنەکەم هەڵبەت نەک بە تەنیایی وێڕای هەموو ئەو ژنانەی
ئێوارە تێیاندا دادەنیشێ
مەخرەجی موشتەڕەکی هەموو وشە بێکارەکانە
جارێک شەڕی خۆم بە خۆم دەدۆڕێنێ
جارێک دەڵێ:
ئامریکا ئەگەر حەملەش بکا ئێمە نامرین:
نیشتمان ئابوونەی خاکە و مردن ئەگەر حەقیش بێ بە قافیەی
کەوشەکانمان نازانێ کە بەتاڵە لە شێعری هەنگاو.

[ڕووی ئەو قسەی نوقتە و دێڕ و ڕێکەوەند و بەتایبەت ژنەکان
منم کە دەڵێن]:
ئەسڵەن مردن ئامانجی خاکە بۆ ئەوەی ئاوێنە بە خۆیدا
بچێتەوە
نەک بۆ ڕاگرتنی شەڕ لە قەراغی ئەو شێعرانەی بە کراسی
دێمۆکراسییەوە دووڕواون
[ئەوە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ نیشتمان کە ئابوونەی خاکیش بێ
دەروەستی مردنی کەس نیە تەنانەت حەملەی ئامریکاش]
بۆ ئەو ژنانەی لە پیربوون دەترسن و سەریان لە ئاوێنەدا
دەخەوێنن
تیکڕاری من و خاک و نوقتە و ... لە شێعردا باشترین
بەهانەیە
ئەگەر واز لە نیشتمان بێنین
سایکۆ بە پەلەترین شار و مردن خۆش حیسابترین بازەرگانە
شەقام بە ماتیک و ئەو پیاوە ئانارشیستانە دەفرۆشێ
سەری شاریان وەکوو کاموا پساندووە
دراوسێ مافی خۆیەتی نکۆڵی لە نەردەی چاوی خۆی
بکا[تووڕەیی ئەگەرچی پێداویستییەکی سەرەونخوونە] "مەرگ
بەر ئامریکا"ش ڕووداوێکە ئەلموسەننای سەرقاڵترین شەقامی
شار نیسێی لە باران کردووە،
[نیسێکان قوماری نوورن و
تەجرەبە یانی کە شاعیرێکی بێکتێب بە ڕۆژنامە و کامواوا
تێپەڕبوو هیچ مەودایەک بە ویرگوڵ پڕ نەبێتەوە]
زەوی ئیتر بۆ چاپ نابێ
ببووڕە جەنابی سەرنووسەر؛
دەکرێ کۆپییەکمان لەو سەروتارەی ئامریکا بدەیەی کە
نیشتمان ئابوونەی بوو؟

هەوالنامەی کێبڕکێ



قاسم تاباک

تۆ بڵێی فریشتەکانیش هەڵە بکەن
تۆ بڵێی فریشتەکانیش ماچ بدەن بە تێڵدرۆکانی نێوانی ئەشق
تۆ بڵێی لە تاریکستانی ئاوێنەیەک ماچ دووپاتە بێتەوە
تۆ بڵێی لە منداربوونەوەی چۆلەکەیەکدا... خوێن فێری جوولانەوە بێت
تۆ بڵێی لە نێوانی دوو هەناسە، دەست هەڵە بکات، ماچ هەڵە بکات
...
لە خۆشەویستیدا ئەبلەخەرجیمان کرد
بۆیە سەفەر بەشی ئەو چاوەڕوانییەی نەکردین

***

لە دەلاقەی کۆڵکەزێڕینەوە
مەڕوانە سەفەری باران
چاوێک
لە ڕووداوەکانی درەخت بخشێنە
سەردێڕی ئاوێک بخوێنەوە
زوقمی چاوێک و
راستی ببورە... لە بیرم چوو پێت بڵێم
ئەگەر سەفەری هەناسە غەریبی کردی
دڵگیر مەبە
لە پیریشدا فێری توانەوەم.



جەلال ئەحمەدی

لە شوێن جێ پێی هەناوی ناخم دا
بەشێک بووی لە وڕە و
سەهمێک بووی لە باوەڕ و
دڵێک بوو لە دڵدانەوە
چاوێک بووی لە چاوەڕوانی دا
نوقم نوقم توایەوە
هەستێک بووی بەرانبەر بە مردن
دەوەستای و نەدەوەستای
هۆ خۆڕاگری... هۆ خۆڕاگری
لغاوی مەرگ بووی
دەستەمۆکاری ژیان
هۆ بەڵێنی... هۆ بەڵێنی
چاوەکانت وەکو ژیان
دڵت وەکو بەڵێنی
بەرانبەر بە مردن دەوەستای و نەدەوەستای.



من و کانی "زانکۆ خەلیفە"

بەر لەوەی ببیە ئاسکی هەتاو و
مەرهەمێ
بەر لەوەی بە بالآت هەڵبڵێم و
سڵاوێ
پێش لە هاتنت و
دۆزینەوەی رووخسارت لە تیشکی هاوێنە
و بەر لەم ساتە بێدەنگییە
دەنگت
ڕەنگت
مەشارەوە لە من و
مەدزەوە لە تیشکی هاوێنە و
تروسکە تروسکی چاوی کانی

من ....؟!
من کە سەرداری شار نیم
من کە پۆلیسی سەر شەقام نیم
کانی ....؟!
کانی کە نە بەحری گێژاوی ئەم خەڵکەیە و
نە شاڵاوی زامی دڵی پڕ لە کوڵی میللەت!
خۆزگە زانیبات ئەمڕۆ من و کانی داخدارین
ئەمڕۆ پرسە و ماتەمینی خاکە و
شین و گابۆڕی درەختەکان
تۆ بڵێی بکووژ هەتاو بێ؟
تۆ بڵێی زریان یا پیرە شەماڵ بێ؟
تۆ بڵێی دەنگی شکانی هاوێنە و شانە و کلچۆک و دەرزیلە و
کرمەک لە سەر کانی نەگاتە گوێی مردووی هەرد؟
ئیتر هەرگیز بڕوا مەکە
هەرد ماتە مات
ئەمجارەیان دەنگت، ڕەنگت بدە نیشان
بەڵێن بێت دواییں داوای من و کانییە
من و پیرەوەری بە ئاکام نەگەیشتووی هەردی مردوویە
ئیتر نە شێعرێک لە دەمی من دەبیسی و
نە کافی بە زوڵاڵ و نە هەرد بە پتەوی جاران دێنیەوە یاد
کەوابوو ئەمجارەیان لە سەر سینگی هەردی مردوو
هەردی جوانەمەرگ، هەردی لە خوێن گەوزاو
دەستە گوڵێک بچنە و هیچ مەترسە،
من ڕەقم لە هەڵمیسینی گوڵی سیس و مردوو نییە
بەس زووکە و وەرە
پێ توند بخە سەر سینگی هەرد و تەنیاتر لە دەنگی شەو و
ماسی
بگە کانی
بگە هەرد
بگە من.

هەوالنامەی کتێب



جەلال پوورحەسەن "رەنگە"

هەر ئەوەندە، شتێکی سەیر نییە
منیش لە هەمان سەرەتای باران
کە کۆڵان تا ئەوپەڕی گەشبینیم تەپ ببوو
باوەڕم نەکردبوو
وە ئێوەش بینیوتانە کە رەنگی ئاسمان
هەمیشە هەر شین نابێ
وە تازە ئەگەر سوێندیش بخۆم:
«پەپوولەیەکم دیوە»
رەنگە باران هەر ببارێ
عەشق قازانجی زۆرە
ئەوەش تەعبیری منە
- گێژە، باران باران -
چێ؟ لێم مەپرسن بۆ؟
داواو لێدەکەم نا!
ئەساسەن، دەتانهەویست
تامی ماچ لە بۆنی باران لێک بکەنەوە
هەڵەتان کردبوو
تازە هیچ مەسێجێک رەنگە نەتوانێ ناشتان کاتەوە
هەر ئەوەندە
باران باریبوو
وە ئێوەش چیتر لە پەنجەرە رامەمێنن.

تامی ماچێکی بەهێز

لیمۆ ئاوەری

دڵی وریایەکی دزی!
دەڕواو ڕێگایی ئاسمانی بە ڕووناکایی وەدی
هێنا
کەچی ملوانکەیەک
لە نیگای پەپوولە پاییزییەکان شاردەوە
بریار تاوانبارە و
شەو، کە فتیلەیەکی لە ناو گۆڕستانی
ئەدوزیوە بێدەسەڵات
من نەمزانی یەکەم نیگا
دیواڕێکی دوورودرێژ
سنووڕێکی بێمەودا
وەدی دێنێ...!



(بۆ شێرکۆ بێکەس و نیشتمانەکەی)

مانی ئیبراهیمی

دواپین زەردە گەڵاکانی پرچی مەسیح

مەسیح... مەسیح
بەفرانباری بێکەناری خەیاڵاتی
غەمی دایکم
زۆر گەورەیە
بەخوا مەسیح
بە منداڵی
پرشنگی پەپوولە بارانی
چاوەکانی پڕ ئیشراقی بابم دیوە
من و بابم
پڕ بە غوربەتی غەریبە ڕێگەکانی
ئەم جیهانە بێئامانە
ڕێبواری ڕێگەی عەشقی بووین
تۆخوا مەسیح
جێم مەهێڵە...
لە بیرتە
تۆخوا بڵێ
لە بیرتە
بابم غەریبانەترین
خاک و خۆڵی
ئەم دۆڵانەی دا بە ئینتیزاری بادا
بە منداڵی سەرگەردانی
تیلەی نیگای چاوی خاک بووم
خاک...
خاک...
خاک...
خەیاڵی خولیای خرینگەی ئەم چاخانە

بوو...
بە هاڵۆزی
هاوارم کرد...بابە مەسیحم خۆش
ئەوێ
من و مەسیح و ساعەت و خەونەکانم
بە منداڵی...
...
پەردەی سەر دەمم لادابوو
لە هەر شاخێک
خەیاڵی شەوم کێشاوە وێنەی خاچێک

خاچ خاچ خاچ
من بە باڵای قاقڕی ئەم سااڵنەدا
پێهەڵدەچووم
مەسیحیش هەر گەورە دەبوو
من هەواڵی
دواپین پرسیاری مەرگی خۆم
لە شۆخەکانی شار پرسی
مەسیحیش
لە بێدەنگی ئەو شەوانەدا دەگریا...
شەو شەو شەو
منیش خاچم دەکێشاوە
لەو کاتەوە بابم گریا...
من و مەسیح
لەگەڵ کفنی بەردەکانی بەر دەرگای
مەرگی خۆم...
تەنیاترین خاچەکانمان کێشاوە
من بە چاوی وی موحتاج بووم
وەکوو مەسیح
لەو کاتەوە کە مەست دەبووم
وەکوو مەسیح
هاوارم کرد...هاوارم کرد...
بابە، بابە من مەسیحم!!!
من لە سەرمای سەڵتەنەتی سوڵتانی
شەودا گەورە بووم
بابم گریا
منیش لە لەنگەری دواپین
ئەستێرەکانی کارەسات
لە ئەقیانووسی ئاسمان
پڕ بووم لە جێ شوێنی هەنگاوەکانی
مەسیح
مەسیح کوتی:
من لە شەوێکی پڕ لە پەنجەی
خەیاڵی خەیانەتێکی گەورەدا
ڕەنگی خاچێکی چاوەڕێ
دیسانەکەش بابم گریا
هەر ئێستاکەش کە شەو دادێ
هەموو شەوان دەڵێم دایە
کوا من زیندووم؟
گەر زیندوو بام
دەبوا لە وڵاتی ئینجیلدا
دواپین زەردە گەڵاکانی پرچی
مەسیحم هێنابا
هەموو شەوان
دەڵێم دایە
گەر زیندوو بام لە چاوە
گەرمەسێرەکانی حەللاجدا
تەنیا جارێک
خەیاڵی بارانم دیبا
هەموو شەوان
دەڵێم دایە
گەر زیندوو بام
گەر زیندوو بام
گەر زیندوو بام...

هەواڵنامەی کێبڕکێ



هاجەر پەرویزنیا "سامی"

خوێن لە رەگی شێعرەکانما قەتیس ماوە و
داوێنی بووکی خەیاڵم
شۆڕ شۆڕ
حەوشەی دڵت دەماڵێ
****
****
ئەوشۆ دڵم بێتۆقرەتە و تامی دەستەکانم
دەسنوێژی بێتۆیی
دزراوتر لە رووحی من،
کام کەرەسەی کورسی لاق شکاوەکەی هەنگاوتە
تا باخی پەنجەکانت تێر ئاو بکەم لە من و حەز
شاری خولیاکانم، سێزدە جار پێواو
بەتاڵترم لە بوونت.



پاییزە زەردەکانی قۆ "هەژار ئیوەر"

گەڵا گەڵای رووەتت
بە ئەسپایی وەرینی دڵۆپێک چرکانەی ئەوین
بزەی شەقام دەبارێنێ لە بەفرینی رێبەندانی مەمک
وەرە خنجیلانەکەم
ئەوەتا
پێنووس بۆ لەزەتی ماچ دەنوێ لە باوەشی لاپەڕەدا
بۆ پێکەنینی شێعر لە بەیانی گەلاوێژدا
وەرە لام خنجیلانەکەم
پێ دابنێ لە سەر سینگی شێعرەکانی کۆتاییت
بۆ تێکەڵبوونی سەمفۆنیای راپەڕین و خاک
تۆ...
تۆ دڵخۆش نی بە هەڵخلیسکانی هەنارەکانی خاکەلێوە
هەنگاو ... هەنگاو لە پاییزە زەردەکانی قژتدا
بخوێنەوە شێعر بۆ منالانی تەمەن
وەرە لام ...
من ملوانکەیەکت لە سەرماوەز پێدەبەخشم
یادگار یادگار
لە کورتترین تەمەنی خەنەبەندانی وەرزی دەفتەرەکەمدا
تا لەبیرچوونەوەی هەتا هەتایی
لە دایکبوونت

*****



سەحەر میهرەبانی

هەڵەکان
لەسەر خیز دەنوسرێن
بەڵام تۆڵە لەسەر ئێسقان
تەنیایی خەڵاتی خۆشەویستی
لە ئاپۆرە نیگای
خووساندی خەو
لە مانای واژە و ژیلەمۆی لێکدانەوەی سۆزێک
بە شەکانەوەی با دەگەشێتەوە
قەت رێگا نەبڕاوە
بەردەوامە پۆرترەی مێژوو
لەسەر فلاش بەگی بڕواکان
شانازی شاری گەورە و ناوی وێران
حیلکە حیلکی ئیشکە رنەکان
لەو ماڵەدا تەناف بە با ناشەکێتەوە
بەڵام ئاغا بە باڵیدانی مێشولە دڵی لەرزە
قەت تەقەی لەسەر نایا!



سۆغرا رەزکەیی

بەهار

بـــــەهار بـــــەهار بـــــەهارە
کـــــاتی گـــــوڵ و گـــــوڵزارە
هـــــەیاران و مـــــەیاران
خوایـــــە داکاتـــــە بـــــاران
ئاســـــمان پـــــڕە لـــــە هـــــەور
بـــــە گرمـــــەگرم و بـــــەخوڕ
بـــــە لێزمـــــە هاتـــــە خـــــوارێ
بـــــاران لـــــە بـــــۆ رووبـــــارێ
کـــــانی پـــــڕ ئـــــاو بـــــوو، پـــــڕ ئـــــاو
زەوی پـــــاراو بـــــوو، پـــــاراو
دەشـــــت و کێـــــو و کۆســـــاران
رازا بـــــە گـــــوڵ، بـــــەهاران
وێـــــلات ســـــەوز هەڵگـــــەڕاوە
دڵ زەوی بـــــــــــــووژاوە
وێـــلات پـــڕ بـــووە لـــە تـــاو
کۆلکـــــە زێڕینـــــەی چـــــەماو
منـــــداڵ راکـــــەن پێبکـــــەنن
گـــــەزیزەی هـــــەڵمەکـــــەنن
بـــــڕۆن هـــــەموو بـــــەرەو ســـــنوور
بێـــــنن گـــــوڵ زەرد و ســـــوور
ســـــنووران تێکبشـــــکێنن
گـــــوڵی ئـــــازادی بێـــــنن

هەواڵنامەی کێبڕکێ



یەڵماز گۆنا "ئەستێرەی گۆمۆنارەکانی پاریس"

مێهرداد رامیدەنیا
Email:sadsaltanhaiy 25 @yahoo.com

چەپکێ گوڵە گریانی بە دەستەوە گرتووە و،
گیرفانەکانی پڕن:
لە مشتە خاک و ، بەفر و گزنگی ناو
نشتیمان...
بە تەنیا هەر شەقام و،
شارانی ژێر ئاسمانی ئاوارەیی ئەپێوێ...[١]

یەڵماز گۆنای فیلمساز، دەرهێنەر و ئەدیبی گەورە و ناوداری کورد ساڵی (١٩٣٧-١٣١٧) لە "یەنیجە"ی سەر بە "ئەدەنە"ی باکووری کوردستان چاوی بە گەردوون هەڵهێناوە و هەر لەوێ خوێندوویەتی.یەڵماز گەلێک چیرۆک و بەرهەمی ئەدەبی لە بڵاڤۆکەکانی تورکیەدا بڵاو کردۆتەوە و بەم بۆنەوە کەوتۆتە بەندیخانەی تورکانەوە. دوای ماوەیەک لە بەندیخانە رزگار دەبێ و لە کۆمپانیەکی فیلمسازیدا دادەمەزرێ و چەند سناریۆ ئەنووسێ و چەند فیلمێکیش دەهێنێتە ئافراندن. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە فیلمەکانی هاندەر بوون سەر لە نوێ لە لایەن حکوومەتی تورکیەوە کەوتۆتە بەندیخانە[٢]. دوای ماوەیەک خۆی دەرباز دەکا و دەچێتە پاریس. لە پاریس دەگیرسێتەوە و چەند فیلمێکی دێ ساز دەکا و گەلێک خەڵاتی گەورەی جیهانی پێدەبەخشرێ[٣] و دێتە ریزی هونەرمەندە هەرە ناودارەکانی پاریس و جیهان. ئێستا یەڵماز یەکێک لە مەزنترین کەسایەتیەکانی جیهانی سینەمایە و لە پاریس و لە غوربەتا دڵی هەر لای نیشتمانەکەیەتی:

شەوانیش هەر بە تەنیا/ لە ناو ژوورێکی نامۆی ئۆتێلێکا ئەخەوێ/ ژوورەکەی:چرپایەک و، هەندێ کتێب و، ئاڵا و/ نەخشەیەکی نیشتمان/ لە خەونیشیا نیشتمان:/ پەریێکی رەشپۆشە/ سواری قەقنەسێ بووە/ شوێن ئاسکێک کەوتووە/ هەر هەوڵ ئەدا و،نایگاتێ..[٤]

یەڵماز گۆنا دەرهێنەری خاوەن شێوازی کورد بە سازکردنی فیلمی"ڕێگا" نەخڵی زێڕینی مێهرەجانی "کەن"ی دەست کەوتووە. یەڵماز گۆنا لەم هونەرمەندە مەزنانەی کوردە کە نێوی تاهەتایە وەکوو ئەستێرەیەک لە ئاسمانی هونەری جیهاندا دەدرەوشێتەوە.[٥]یەڵماز ئەو گوڵە بۆنخۆشە کوردیەیە کە قەت سیس نابێ و ناژاکێ. بەرهەم و نووسینەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان.

زەردەپەڕێک، سەدەها کۆتر، بە سەر سەربان و،
چوار دەوری ژوورەکەیا،
بە ناو یەکا ئەفڕین و ئەهاتن و، ئەیان گماند...
کە ـ ئاسۆ ـ سەری بردە ژوورە کپەکەیەوە،
سەیری کرد: وەک جارانی لە سەر پشت پاڵ کەوتووە...
چاوێکی چنگێ بەفرو،
ئەوی‌تر مشتێ خاکی نیشتمانیان لە سەرە...
سەر سنگیشی چەندەها چڵە گزنگی وڵات،
چەکەرەی تیا کردووە..[٦]

یەڵماز گۆنا لە تەمەنی ٤٧ ساڵی‌دا واتە لە ڕێکەوتی ٩ی سێپتامبری ساڵی ١٩٨٤ بەرامبەری ١٨ ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٤ ی هەتاوی لە شاری پاریس کۆچی دوایی دەکا و لە گۆڕستانە ناوادارەکەی پێرلاشێزی پاریس لە تەک گەورە پیاوانی وەک شارڵ دۆگل و سادق هیدایەت و ئەوانی‌تر بە خاک ئەسپێردرێ.

ئەی ئاشنا بە ئەستێرەی تەنیاییم

کە ویستتان بێنە لام/ نەرم و نیان/ بۆ لام هەنگاو بنێن/ نەکا بە هەناسەی چپەکانتان/ شووشەی شەوی تەنیاییم/ ژەنگاو بێنێ و بشکێ/ کاتێ لە کازیوەدا/ لەشکری رۆژێکی نوێ هێرش دەکا/ شووشەکانی دەماری دڵم/ وەکوو پەردەی شکاوی گوێم/ دەنگ ئەدەن و هەرەس دێنن/ رۆژێک وەکوو رۆژانی تر/ رۆژێکی سارد و پەشێو، رۆژێکی تاڵ/ رۆژێکی گرژ/ بێ دەرەوشانەوە/ بێ گڕ و تین و بڵێسە/ هات و ڕۆیشت... منیش نەمزانی/ شەو بوو یان ڕۆژ/ خەو بوو... یان بێداری؟/ ئەویش وەکوو رۆژانی تر/ لەمپەری خستە ڕێی زەمان/ بەقەد هەموو ئەستێرەکان/ شەوی تەنیاییم تێپەڕاند/ ئەمشەو و شەوێکی تر/ شەوەکان فراوان/ شەوێ هۆرە/ شەوێ لاوک و حەیران/ شەوێ تریش سیاچەمانە/ رۆژەکانمان وەکوو شەوی بێ هەتاوە/ هەر هەمووی تاریکن و/ ساتەکان تێپەڕ دەکەن/ هێدی و ئارام/ بە نۆرە/ بەسەر بەستەڵەکا گوزەر ئەکەن/ ئەم شەوە زەنگە و ئەوان شەوی تر/ شێوەیان لە شووشە ئەکرد/ منیش لە نێوان هەموو شووشەکاندا/ جارێکی دی سەیرم... هەڵمبژاردی/ بیرمە ئەو ساتانەی سەیرم ئەکردی/ دایکم بە سەرسامی و پەشۆکاوییەوە ئەیگوت:/ لە پشت هەموو ئەو شووشانە/ دێو و درنج و جندۆکە خۆیان حەشار داوە/ ئەم درنجانە دەست لە خەڵک ئەوەشێنن/ وریا بە، هەڵتنەخەڵەتێنن/ سەیریان مەکە و/ گوێ بۆ دەنگیان رامەدێرە/ ئەوان دژی بڕوان/ بەڵام چاوەڕوانی لێڵ و ماتی من/ نسێبی چاوانی چاوەڕێی/ تۆی تەنیایان هەڵدەبژارد/ سێبەرێکی ئاشنا/ جندۆکەیەکی سەرلێشێواو/ ئافراوی چۆڵستان و/ هەڵوەدای ئەو دیو شووشەکان/ ئێستاش وەکوو منااڵن/ سامت لێدەکەن و لەبەر دەمتا را ئەکەن/ هەنووکە... دایکەکانیان پێیان ئەڵێن:/ نەکا هەرگیز لە شەواندا/ بڕوانێتە ئەو دیو شووشەکان!/ ئاوەها شەو؛ فەڕشی ڕۆژ ئەچنێ/ وەرەپێش.../ بۆ لام هەنگاو بنێ/ ئەم هەنگاوە و... هەنگاوێکی تر/ تەنیا هەنگاوێک.../ تا دەگەینە یەک.../ هەموو دەرگاکان داخراون/ پاژنەی دەرگایەکان ڕێک و جووتن/ دیوارەکان... بەرز و سەختن/ قفڵەکانیش... سنگەبەرن/ ئەستێرەکان... شۆڕ بوونەوە/ چاوەڕێن و... گەردن کەچ!/ لێگەڕێ با پەنجەرەکەت بکەمەوە/ لە تاریکە ڕۆژی ژینا/ گڵێنەی چاوی خوێناوم/ بۆ هاوێژتن/ تیژ و تەیار کردووە/ شووشەی هەموو پەنجەرەکاَنت/ بە هەڵکردنی گەرمای بە تەوژمی هەناسەکانم دەشکێنم/ دایکم و هەر دوو جیهانی ژیانم/ لە خۆم دەڕەنجێنم/ دیسان ئەمشەو/ بەختی ئاوابە گەورەکان/ تێکی دەدەم سەنیرەکەم/ بێ شوێن و سنوور/ باڵ ئەگرم... ئەفڕم.../لەم چڵ بۆ ئەو چڵ/ لەم باخەوە بۆ باخێکی تر.../ وەرە لام/ لە تاریکی هۆدەکەما/ خەیاڵێکی خاو کەلکەلەی کردووم/ وەرە لام/ ئەگەر هەنگاوێکی تر بەم "ڕێگە"یەدا گوزەر بکەی دەگەییە من/ دایکم و هەموو پاسەوانەکان/ یا نوستوون یا چاویان لە خەو ڕۆچووە/ ئەوان گێژ و سەرسامن/ ڕوو بە ڕووگەی زنجیری زێڕ/ چاوی شەوم چاوەڕییە/ ئەو لە نێوان هەموو چاوەکانی شەودا/ تەنها ئەستێرەی تەنیاییە/ چاوەڕێم... وەرە لام/ ئەی ئاشنا بە ئەستێرەی تەنیاییم/ من زمانی تۆم/ لەم شەودا/ چاوێ خەواڵووم کردەوە/ ڕۆژ گرەوی خۆی بردەوە/ هەمدیسان هەسپی ڕۆناهی/ بوێرانە هۆمەن دەکاتە سەر/ شار و گوند و بیابان و چۆلستانەکان/ من چاوەکانی تۆم/ لە کازێوەیەکی دوورە و خەڵتەکەردا بینی و/ بەرەو پیریان هاتم/ ئارەزۆکانیش لەگەڵ تۆ/ یەکە یەکە/ مااڵواییان لێکردم/.

١ـ گوڵەکانی دۆزەخ؛ محەممەد حەمەباقی ـ ١٩٩٠ ، سەفزل ٥٤.

٢ـ ئاوێنە بچکۆلەکان و پۆلێن شێعر؛شێرکۆ بێکەس؛پێشەکی و ئامادەکردنی: مێهرداد رامیدێنیا ـــ چاپەمەنی ڕەهرەو مەهاباد،٢٠٠٨ ،ل٦٥.

٣ـ یەڵماز گۆنای،ئەو ئەستێرەی هەنووکە تریفە دەدا؛ مێهرداد رامیدێنیا ـــ گۆڤاری مەهاباد، ساڵی پێنجەم،ژمارە ٥٤ پوشپەڕی ١٣٨٤، ل ٤٢.

٤ـ ژێدەری ژمارە ١، ل ٥٥ ـ ٥٤.

٥ـ ژێدەری ژمارە ٣، ل ٤٢.

٦ـ ژێدەری ژمارە ١، ل ٥٧ ـ ٥٦.

کاڵتە بە ژیان

نووسەر: عەزیز نەسین



وەرگێڕ لە تێنگلیزییەوە بۆ کوردی: هەژیر خالەندی

ژیان گەلێک تاڵە برایان. ژیان رێگایەکی پڕ لە پووش و پەڵاشە .من هەتا ئێستا سێ دەفتەرم هەیە کە پڕم کردوون لە فەلسەفەی ژیان و نزیکەی ١٦٠٠٠ رستەم تێدا نووسیون. ژیان ئاوایە، ژیان ئاوا نێ، کورتی کەمەوە،دەفتەرەکان پڕن لە قسەی زەلام سەبارەت بە ژیان«ژیان لە دڵ نیگەرانێک زیاتر نێ». «ژیان ئاوێکە وەستانی نێ»، ژیان خۆشە...، ژیان خەونێکە...،ژیان سێنی شانۆیە. ١٦٠٠٠ رستەی بەو شێوە و لە کۆتایشدا مەجبوور بووم بنووسم«کاکی من ئاخری روون نەبۆوە ئەو ژیانە چۆن؟». ئاستی ژینم باشی نێ. ئەو قسەش لەو بابەتەوە نااڵێم کە بەشە میراتێکم پێ نەگەیشتۆ بەڵکوو لەبەر ئەوەیە نەمتوانیوە ئیشێکی بۆ خۆم بدۆزمەوە.

لە قولینچکی پارکێکی گشتی دانیشتبووم و تێفکرینم بۆ ناوەرۆکی "ژیان چۆن؟" دەکرد. ئەو پیاوەی کە لە پەنام دانیشتبوو، رۆژنامەی دەخوێندەوە،رۆژنامەکەی قەد کرد و کاتێک دەیهەویست لە گیرفانی هاوێ، بە دەنگێکی تێکەڵ بە دوودڵیەوە پێم گوت: ئیزنم هەیە؟ دەستم بردە پێشێ. پیاوەکە رۆژنامەکەی دامێ. بە خێرایی چاوێکم لە بەشی پێداویستێکان کرد. یەکێک لە ئاگادارێکان هیوایەکی زۆری پێ بەخشیم. لەبەر ئەوەی تێیدا بۆ کارێکی خوازیاری چەند ژن و پیاو بوون. ئەویش بە بێ مەرجی تەمەن، نەدەبوو کاتم بە فیڕۆ دابا. رۆژنامەکەم داوە بە خاوەنەکەی و ئەوەندەی هێزی هەم بوو، خڕم کردەوە و بە پرتاو بەرەو ئەو نێو و نیشانەی لە ئاگادارێکەدا هاتبوو، هەڵاتم. نهۆمی پێنجەم لە باڵاخانەیەکی یەکجار گەورە بوو. لە یەکێک لە شەقامەکانی گەورەی شاردا لە ترس ئەوەی نەکا چارەڕشی رووم تێکا و لە نیوەی رێگادا کارەبا بپچڕێ، سواری ئاسانسۆڕ نەبووم و هەر بۆیە لە پلیکانەکان بە خێرایی وەسەر کەوتم. بە هۆی شەکەتی لە رادەبەدەر، لە دواپین پلیکانی نهۆمی پێنج دانیشتم. یەکەی ژمارە ١٨ کە لە ئاگادارێکەدا ئاماژەی پێکرابوو، رێک بەرامبەرم بوو. هەندێک دەچوونە ژووڕێ و هەندێکیش دەهاتنە دەر. ئەوانەی دەڕۆیشتنە ژووڕێ هیوادار و کەیفخۆشیان پێوە دیار بوو. بەڵام ئەوانەی دەهاتنە دەرێ، هەموویان تووڕە و تۆسن و مورچ و مۆن. هەموو پەشۆکاو. بۆ ئەوەی لە لای ئەو خاوەن کارانەی گەرەکیان بوو دامەزرێنن، مرۆڤێکی لێهاتوو بنوێنم. هەناسەیەکی قوواڵم هەڵکێشا. ماوەیەک وچانم دا، هەتا ماندووم بحەسێتەوە و ئاخری ڕۆیشتمە نێو یەکەی ژمارە ١٨. هەر گەیشتمە یەکەم کەس لە یەکەدا کوتم:"ببووڕە ئاگادارێکم لە نێو ڕۆژنامەدا بینی کە ..."

کابرا زۆر قەڵس بوو. بە قامک ئاماژەی بە دەرگایەک کرد و کوتی: بڕۆ ژووڕێ و چاوەڕێ بە گشت سەندەلێکان هۆڵی چاوەڕوانی گیرابۆوە. شەش ژن و هەشت پیاو لە پەنایەک دانیشتبوون. من و چوار کەسی تریش بە پێوە راوەستابووین. خۆم گەیاندە ئەو پیاوەی وەک من دڵنیگەران بوو. لێم پرسی نازانی چ کارێکە؟ نا، بە دوای یەکدا دەچنە ژووڕێ،هێندێکیش دە خولەک و هێندێکیش نیو کاتژمێریان پێ دەچێ و دوایەش بە هاوار و قیژە قیژ دێنە دەرێ. دەرفەتێک بۆ ڕوونکردنەوە زۆرتر نەما. چونکە ئەو دەرگایەی لە نێوان هۆڵەکە و ژووری تاقیکاری بوو کرایەوە و پیاوێکی خڕە کە دەوچاوی وەک باینجان سوور هەڵگەڕابوو هاتە دەر.تەواوی لەشی لە ئارەقەدا شەاڵڵ ببوو. بە دەنگێکی لەرزۆک دەیگوڕاند: شێت ــ شووڕانە، بێناموونسانە،شێت ـ شووڕانە و یەکەی ژمارە ١٨ی جێهێشت. بەو کابرایەی پەنا خۆم گووت: بەشکم دەرنەچۆ، بۆیە وەها تووڕە بوو. کوتی: پێمەوابێ، بەڵام هەر کەس دێتە دەرێ وەزعی وایە. خزمەتکار بە دەنگی بڵێند کوتی: نۆرەی کێیە؟ ژنێکی کەڵەگەت کە تەمەنێکی زۆریشی نەبوو کوتی: ئەمن و بە هێوری دەرگای کردەوە و چۆ ژوور. ڕووم لە کەسێکیتر کە وەک خۆم چاوەڕوان بوو کرد و کوتم:سەیرە بڵێی لەوێ چ بکەن؟! کوتی: وادیارە تاقیکردنەوەیە. ــ نابێ کات بە فیڕۆ بدەم. بیرم وەگەڕ خست. دەبێ تەواوی ئەو شتانەی کاتی قوتابخانە فێری ببووم بێنمەوە بیرم.گومانی تێدا نێ ئێرە دامەزراوەیەکی بازرگانییە و حەتمەن تاقیکاری ماتماتیک بەڕێوە دەبا. کەڕەتێک خشتەی لێکدانم[1] وەبیر خۆم هێناوە و لە میشکمدا دووپاتەم کردەوەو دوایەش کۆبەند[2]و قاتبەندی[3] و دابڕان[4]و... تەواو نەگەیشتبوومە کەرتی دەیەکی[5]قیژەی ژنێک وەخۆی هێنامەوە. ــ بێشەرەفانە، بێناموسانە، بێشەرەفانە، بێناموسانە. بە بەردممدا تێپەڕی و هۆڵی چاوەڕوانی جێهێشت. لە کەلێنی ئەو دەرگایەی باش قەپات نەکرابوو، قاقای چەن پیاو دەبیسترا. بە خۆم کووت: یانی شتێکیان لەو ژنەی کردۆ. ئەو پیاوەی لە پەنام دانیشتبوو، کوتی: باوەڕ ناکەم،ئەگەر شتێکیان لێکردبا نەیدەزیقاند. بەڕای من پرسیارێکی دژواریان لێکردۆ و نەیتوانیوە ولاّمی داتەوە .کورێکی گەنج کە هێندێک دوورتر لە من دانیشتبوو کووتی:وایە،راست دەکەی.خزمەتکار پرسی:نۆرەی کێیە؟

ئەو گەنجەی گوتی وایە،رۆیشتە ژوور. منیش دیسان مێشکم وەگەڕ خستەوە و بە زانیارێکانمدا هاتمەوە. هەر گەیشتمە کەرتی ئاسایی[٦]، کوڕە گەنجەکە بە هات و هاوار لە ژووری تاقیکاری وەدەر کەوت و هۆڵی چاوەڕوانی جێهێشت. تاقیکاری کوڕی گەنج بە قەدرا ژنەکەی پێشی نەخایاند. دوای من ٤ کەسی‌تریش نۆرەیان گرتبۆوە و چرکە بە چرکە رێژەیان زۆرتر دەبوو. ئەو کەسانەی نۆرەیان دەگەیشتێ دوای چەن ساتێک بە قەڵسی دەهاتنە دەرێ و بە پڕتاو ون دەبوون.

ــ هەر بەڕاستی دەبێ لەو ژوورەدا چ بقەومێ؟ بەرۆکی خزمەتکارەکەم گرت و پێم کوت: لیرەدا چ دەکەن؟ بە زەردەخەنەوە کوتی:تاقیکاری وەردەگرن.وەک دوو کەس کە بیانهەوێ گیانیان لە مەترسی رزگار کەن،پیرێژن و پیرەپیاوێکیش بە هات و هاوار هەڵاتن. لە کاتی هاتوچۆی کەسەکان‌دا بۆ ماوەیەک دەرگا بە ئاوەڵایی دەماوە و دەنگی ئەو پێکەنینەی لەوێ دەبیسرا مرۆڤی دڵنیگەران دەکرد.هەر کات کەسێک دەهاتە دەرێ، من لە لایەک کەیفخۆش دەبووم کە بەشکم ئیشەکەم وەگیر کەوێ و لە لایەکیش دەترسم لەوەی دەبێ لەوێ چ باس بێ؟ ئەگەر برسێتی دەستی لە کۆڵ دەکردمەوە، تاقیکاریم وەپشت گوێ دەخست و رام دەکرد. پیاوێکی بەسالاچوو لە ژووری تاقیکاری وەدەرکەوت. بەستەزمانە، هێزی جنێودانی پێنەمابوو. لێم پرسی: مامە، لەوێدا چ باسە؟ کوتی: باشترە پرسیار نەکەی. خزمەتکار پەسی: نۆرەی کێیە؟ متەقم نەکرد. کەسێک کە دوای من هاتبوو، کوتی نۆرەی ئێوەیە. کابرام زۆر فەرموو کرد، کوتم: تکایە من پەلەم نێ، ئێوە فەرموون. ـ نەخێر گەورەییتان دەگەیەنێ، نابێ، نۆرەی ئێوەیە. خزمەتکار دەرفەتی فەرمووی زۆرتری پێنەدام. پاڵێکی پێوە نام و دەژووریێ هاویشتم و دەرگای لەسەر پێوەدام. لە دڵمدا دەستم کرد بە پاڕانەوە و لاڵانەوە لە دەرگای خودای مەزن،خودایە گیان، شەرمەسارم نەکەی. هێزێکم پێببەخشە لەو تاقیکاریەدا سەربەرز بم و پارۆک نان وەگیر خەم. نازانم لە ترسان بوو یا لە برسان، سەرم دەگێژەوە دەهات. ژووریێکی ریکوپێک بوو. نەمبژارد، بەڵام پێمەوابێ ١٠ کەسی تێدا بوو. ئێستاش بەو کابرایەی لە پێش منـدا لەوێ بوو پێی پێدەکەنین و ئەو فرمێسکانەیان دەسڕێوە کە لە ئاکامی پێکەنینی زۆر لە چاویان‌دا قەتیس مابوو. بێگومان پێکەنین تەنیا لەوان دەهاتەوە. چەند پیاوی قەڵەو کە زگیان وەک هەنبانە هەڵموسابوو. لێیان نزیک بوومەوە و لە بەرامبەر ئەو پیاوەی لە پشت مێزی دانیشتبوو، راوەستاوم، گوتی: گاڵتە و پێکەنینت پێخۆشە؟ (خودایە چ ولامێکی بدەمەوە؟ چ بڵێم کە وەرم گرن؟!) چاوم لە یەکبەیەکیان کرد. هیچیان وەک من نەدەچوون. گشتیان کۆک و پۆشتە! بیرم کردەوە دەبێ ئەوانە گاڵتەیان پێخۆش بێ. هەر بۆیە بزەیەکم هاتێ و ولامم داوە: بەڵێ پێخۆشە. ــ دەبێ کەسێک هەبێ گاڵتەی پێخۆش نەبێ؟! دواییں کەس: ئەگەر وایە هەر ئێستا لە سەر ئەو چوار پایەی دانیشە. لەبەر خۆمەوە کوتم: (هەی مااڵت ئاوەدان بێ، هێندەم برسییە ناتوانم لە سەر لاق راوەستم). بەڵام بەوانم کوت: نەخێر ئیزن بدەن هەر بە پێوە راوەستم، هەر بەو شێوەی راحەتم. ـ نەخێر. ئێستا کە گاڵتەت پێخۆشە، دانیشە. یانی چی؟! پێخۆشبوونی گاڵتە چ پێوەندێکی بە دانیشتنەوە هەیە؟! دەگەڵ وەش کوتم: سپاس و دانیشتم. ــ نا... نا... نا. لەسەر ئەوەی‌تر دانیشە. ــ ئەوە... هەستام و لەسەر ئەو چوار پایەی ئامۆژەیان پێکردبوو، دانیشتم. دیسان دواییں کەس کوتی: من و ئەو بەرێزانە، گشتمان گاڵتەچین. ــ زۆر باشە گەورەم، منیش بە هۆشیاری ولامی تەژی بەرێزم دەدانەوە. بەڵام دەتکوت شتێکم لێدەقەومێ. ئەو شوێنەی لێی دانیشتبووم (بە داوای لێبووردن)گڕی لێدەباری و چرکە لە دوای چرکەوە تینەکەی زۆرتر دەبوو. ــ ئەوە ئیتر گەرما نەبوو، ئاگر بوو. وەک هێلکەیەک لە نێو تاوەدا دەبرژام. ــ ئەی خودا، ئەی نێردراوەکان، ئەی پیر و پیاوچاکەکان، ئەکا لەبەر ماندوویەتی بێ. بە هۆی تەوژمی گەرما، هەر دەجوولامەوە، رامانم دەکرد هەتا هۆی ئەو چارەڕەشێ بدۆزمەوە.

چاوەڕوانەکراو بوو. چاویان تێبڕیبووم و دەکەنین«خودای گەورە،ئەکا قەڵس بن و دام نەمەزرێنن». ــ ئەوانە زۆر جەفەنگ بازن. بەڵام من بەو حاڵەش بزیەکی تاڵم لەسەر لێو بوو. ئەو پیاوەی لە پەنا من دانیشتبوو، کوتی:چ بۆ؟ دەڵێی ناڕەحەتی! (پێم وابێ تێگەیشت بوون ناسازم. ئەکا ئەگەر بڵێم ماندووم وەرم نەگرن) ـ نەخێر هیچم نێ، بۆچ دەبێ ناڕەحەت بم. ــ ئەی بۆ هێندە دەجوولێنەوە. لەبەر پێکەنینی لە رادەبەدەر، زۆری نەمابوو دڵیان لەخۆ بێتەوە. (بە چ بیانوویەک لە جێی خۆم هەستم). ــ ببوورن... من... من... چۆن بیڵێم. ئەمن ئازارێکم هەیە کە ئەگەر بەپێوە راوەستم، ئاسوودەترم. حیلکەحیلکیان رێگای زۆڕێک دەرۆیشت. هەموو گیانم لە ئارەقەدا خووسا بوو. هێندەی نەمابوو بە سەریان‌دا بزیقێنم و بڵێم: چ تانە؟ بۆ لە خۆڕا پێدەکەنن. بەڵام ترسام، دام نەمەزرێنن. ئەو پیاوەی لە پشت مێزەکە بوو بە خزمەتکاری کوت: چایەکی بۆ ئەو ئاغایەی بێنە. هێندە کەیفخۆش بووم دەتکوت دونیایان پێدراوم. خەریک بوو لە برسان دەمردم. (چالانی کەم، کەمێکت تێر دەکا). چایەکەی هێنا من کە بە پێوە راوەستا بووم چایەکەم وەرگرت و ٢ کڵۆ قەندم تێهاویشت. کاتێک ویستم بە کەچک تێکی وەردەم، چایەکە چەند بلۆقی لێهەستاو، هەڵچوو. دوایەش لە پەردا‌خەکەی رژا و، هەموو دەست و جلەکانمی پیس کرد. تەواو سەرم لێشێوا بوو. ئەو جێگایەی چا سووتاندبووی تەواو دەگریانی کردم. بەشداربووان بە هۆی پێکەنینی لەڕادەبەدەر، لەسەر حەرز خلۆر ببوونەوە. لە گەرمای پێکەنین‌دا یەکیان کوتی:گرینگ نێ. ئەو گەنجینەی بکەوە و دەسرەیەکی دەرهێنە. تکایە خۆت خاوێن کەوە. دەرکەی گەنجینەکەم کردەوە، بەڵام چەندی گەڕام نەمتواتی دەسرەیەک بدۆزمەوە. ــ لەخۆڕا

مەگەڕێن، ئەوەتا لیرەیە،فەرموون هەر وێستم بچمەوێ دەنگێک پێی کوتم:پیاوی چاک گەنجینەکەت پێوە نەداوە.گەنجینەکەم قەپات کرد. ئەو جار یەکێک لەوان پرسیارێکی لێکردم. بەڵام نازانم بۆچ ناتوانم وڵامی بدەمەوە. ئحم... ها... پشم... ــ بەراستی، نەتانکوت نێوو چێ؟ ها پشم... ها پشم... هاپ... نێوم ... هاپ محەممەد... هاپ لە بەر زۆر پێکەنین خەریک بوو دەبووراندەوە. سەرم سووڕ مابوو. لە دڵمدا سەد جنێوم بە بەختی خۆم دا. (ئەرێ راست بۆ دەبێ ئێستا تووشی ئەو گرفتانە بم). دوای ماوەیەکی درێژ بێکاری، ئێستا کە خەریک بوو ئیشێکم دەدۆزێوە دۆخەکەم ئاوا بوو، کەسێکیان کوتی:ئاودەست لەو پشتەیە، بفەرموون ئاوێکی بە دەموچاوتان داکەن. هەر لۆچێکم ئاو بە دەموچاوم پرژاند،کۆخەکەم وێستا.ئای لەو رۆژە رەشەی، کۆخەکەم تەواو بۆ، بەڵام ئەو جار فرمێسک بە چاوانمەوە راناوەستێ. نەمدەتوانی پێش بە رژانی فرمێسک بگرم. فرمێسک چ فرمێسک؟! گریانێکی راستەقینەیە. پیم وابێ لە بەر برسێتی بێ. هیچ بە هیوا نیم کەسێکی وەک من کە دەمێک دەکۆخێ و دەمێک فرمێسک دەڕێژێ، دابمەزرێنن. ــ بۆچ دەگرین؟! ــ ئەمن دەڵێن؟ ــ باوەڕ کەن دایکی خودالێخشبووم... هەرایەک ساز بوو نازانم چۆنی باس کەم. فەرموودەکانی منیان بۆ یەکتر دەگێڕاوە. چەند دڵۆپی ئۆدکلۆنم بە تووندی هەڵمژی. (ئەوڕۆ پێم وابێ شتێکم لێدێ) گریانەکەم وێستاوە و ئەوجار نزگێرە دایگرتووم. بە نزگێرەوە نەمدەتوانی قسان بکەم. پرسی: پێشتر چت ئیش دەکرد؟ پێشتر هــء... رەنگئامێزی... هــء...رەنگئامێزی هــء...خانووبەرە. دەنگی (تۆخودا تەواوی کەن) بەرز بۆوە. یەکێک لەوان کە لە هەموان قەڵەوتر بوو. فووپەکی لەو تۆزەی لە سەر مێزەکە رژا بوو، کرد.تۆزەکە سەر و سەکوتی داگرتم. دوای چەند چرکە پرسی: چ بۆ؟ بۆ هێندە خۆتان دەخورێنن؟! کوتم: بە خودا خاوێنم، هەر دوێنێ خۆم شوردۆ.(ئای، بە لەحنەت بی، کێچ نێ، ئەگەر کێچ با، هەر جێگاکەی دەخورا. بەڵام هەموو گیانم دەخووڕێ). کەسێکیان کە لە هەمووان بەسالاچووتر بوو پرسی: رادەی خوێندەواریت چەندە؟ ــ گوێم کەمێک گرانە. هەروا کە خەریکی خوراندنی خۆم بووم. بە گوێیدا زیقاندم کۆلێژی ئەدەبیات... ئێستا رستەکەم تەواو نەکرد بوو، لە سەمعەکی نێوی گوێ، ئاو بە تووندی فیچقەی کرد و ئەوکەی پڕ لە ئاو کرد. وەها حەبەسام خرتی حەرزی بووم. پێکەنین ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو. هەتا وەخۆ هاتنەوە، هەستان.ئیتر پێنەدەکەنین. ببوونە مرۆڤگەلی تەواو جیددی. ئیتر باس و خواسی گاڵتە بزر ببوو. یەکێک لەوان کوتی:بژی چاکت خۆ ڕاگرت. پێش تۆ زیاتر لە ٤٠ کەس هاتنە ژوور. بەڵام هەر زوو رایان دەکرد. ــ تێنگەیشتم... چتان فەرموو؟ چۆنم خۆڕاگری کرد..؟ ــ لە ئەمریکا کارخانەیەکی هەیە کەرەسەی گاڵتە بەرهەم دێنێ، ئەو کارخانە پێشنیاری پێداوین نوێنەرایەتێکەیان وەرگرین. چەند نموونەشیان بۆ ناردووین. ــ دەی؟ ــ دەی گیان! لەوانەیە هێندێک لەو کەرەسانە، مەترسیان هەبێ، هەر بۆیە سەرەتا تەمامان گرت بە تاقییان کەینەوە. دەستیان کرد بە راوێژ ــ لە ئەمریکا ١٠٠٠٠ دوکان هەیە کە ئەو شتانە دەفرۆشێ ــ هەڵبەت... هەڵبەت... ئەو شتانە چاک دەفرۆشرێن و تاقیکاری سەلماندوویەتی هیچ مەترسێکیان نێ. ــ کارخانە ٥٠ جۆر لەو بەرهەمانەی داوەتە دەر. دواکاری کڕینی هەموو جۆرەکان بنێرە. ئەو ئیشە حەتمەن قازانجێکی باشی تێدایە. چونکە گەلی ئێمە لە ئەمریکێکان قۆشمەترن. ــ بنووسن. کورسی تایبەتی گەرمکردن:٢٠٠٠ دەنک،تۆزی تایبەتی خوروو: ١٠٠٠٠ قودولکە. سەمعەکی ئاوپڕژێن ٥٠٠٠ دەنک. ئۆدکلۆنی نزگێرە: ٥٠٠ سیپە. قەندی هەڵچوون: ٣٠ هەزار قودولکە. دیار بوو ئیتر رازی بوون ، بەو دەست خۆشییەی لە منیان کرد حەتمەن دامدەمەزرێنن. بەڵام هێشتا نەمدەزانی چ ئیشێکە. هەروا خەریکی راوێژکردن بوون. بەو کەسەی لە هەمووان زیاتر قوماری پێکردبووم کوتم بەڕێز ئاخری دامدەمەزرێنن ئیدی؟ ــ ئەها، لە بیرم چووبۆوە. لە نێو داخوازەرەکاندا تۆ لە هەمووان زیاتر خۆراگریت کرد. تۆمان لا پەسەندە. دوای ئەو قسانە،رووی لە خزمەتکار کرد و کوتی: بە ژمێریار بڵێ هەتا بە دەخڵدار بڵێ دەستوور بدا بە دەرکەوان هەتا دوو لیرە بدا بەو بەڕێزە. ــ شیرکەتی ئێمە هەموو مانگێک لەو کەرەسانەی بۆ دێ. سەری هەموو مانگێک وەرن ئەو کەرەسانەو لە سەر تاقی کەینەوە و هەموو کەرەتێک دوو لیرە وەردەگرن. فەرامۆشی نەکەن. ها ها.ها.(پێکەنیم) ئۆهـ. (پێکەنی)...ها ها.ها... دیسان پێکەنیم.ئەویش دیسان پێکەنی. دەنگی پێکەنینمان هەر دەهات و بەرزتر دەبۆوە، بەرز... بەرز... هەتا ئاخری کوتی: مرۆڤێکی زۆر جەفەنگبازن. منیش گاڵتەم پێخۆشە.دیسان پێکەنیم.ئەویش بە کەڵپی کراوە دیسان پێکەنی. تەواوی هێزم خرِ کردەوە و مستێکی تووندم لە دەموڵووتی دا. پشتاوپشت کشاوە و خرتی حەرزی بوو کەپۆی خوێنی لە بەر دەڕۆی. کۆرەکە، هەموو حەبەسا بوون. بە لەسەرەخۆیی کوتم: ها...هەها...ها... گاڵتە بوو. ــ برا ئەوە کەنگێ گاڵتەیە. ئەوە گاڵتەیەکی کەرانەیە. ــ راستێکەی دەبێ ببوورن، ئێمەی فەقیر و هەژار وەک ئێوە پارەمان نێ لەو کەرەسانە بکڕین و هەروەها دەمویست دەگەڵ ئێوە کە یەکجار شۆخیبازن، گاڵتەیەکم کردبێ. گاڵتەی بێ کەرەسەش هەر ئەوەیە کە دیتتان. دەرکەم پێک دادا و بە پەلە خۆم گەیاندەوە ماڵێ و لە دەفتەری فەلسەفەی ژیانمدا نووسیم: "ژیان گاڵتەیەکی تاڵە".



خۆئان رۆڵفۆ لە ساڵی ۱۹۱۸زاینی لە شاری سان گابریل (مکزیک) لە دایک بووە. لە ساڵی ۱۹۸٦ لە مێکزیکۆ کۆچی دوایی کرد.
بەرهەمەکانی بە دوو کتێبەوە بەستراوەتەوە و هەر دووکیان لە شاکارەکانی ئەدەبی ئەژمار دەکرێن. (کۆچیرۆکی ئیلیانۆ لە ئاگردا و کورتە رۆمانی پێدرۆ پارامۆ) کەسایەتییەکانی رۆلفۆ دێهاتێکانی تۆسن و سەرەتای شوێنی لە دایکبوونی لەخۆ دەگرێ. نووسراوەکانی رۆڵفۆ دەگەڵ کەڵکوەرگرتنێکی راست لە تەواوی تەکنیکەکانی شێوازی رئالیزمی جادوویی بە تەنزێکی ڕەش رازاوەتەوە. بە گوتەی رۆمان‌نووسی ئۆرۆگوێیی، ماریۆ بێندێتی چیرۆکی (دەنگی وەڕینی سەگەکان نابیسی؟) دەتوانرێ وەک نموونەیەک بۆ ناساندنی ریالیزمی جادویی هەڵبژێردرێ.

ـ ئیگناسیۆ تۆ لەسەر کۆڵمی، هیچ دەنگێک نابیسی؟ لە هیچ شوێنێک رووناکی نابینی؟
ـ هیچ شتێک دیار نێ.
ـ پێم وابێ زۆر نزیک بووینەوە.
ـ بەڵێ بەڵام هیچ دیار نێ!
ـ جوان بڕوانە.
ـ هیچ شتێک نابیندرێ.
ـ ئیگناسیۆی چارەڕەش.
نیسەی گەورە و ڕەشی دوو پیاو لە سەرێ و لە خوارێ ئاڵوگۆڕی هەبوو. نیسێ دەگەڵ چوونە پێشی لە درێژایی رووبارەدا گەورە و چکۆلە دەبۆوە. لە بەردەکان وەسەرکەوت تەنیا نیسێیەک بوو کە هەڵسووڕا. مانگ وەک تۆپەڵێکی ئاگر وەدیار کەوتبوو.
ـ دەبێ گەیشتبینە ئاوایی. ئیگناسیۆ خۆ گوێت نەئاخنیوە. ئیگناسیۆ جوان گوێ هەڵخە. سەگەکان دەوەڕن یا نا؟ لە بیرتە پێیان کوتین "تونایا" لەو بەری شاخێ، وایە ئیگناسیۆ؟
ـ بەڵێ بەڵام من هیچ شتێک نابینم.
ـ ئیتر ماندوو بووم.
ـ دامێ سەر زەوی.
پیرەپیاو کشاوە دوایە، هەتا گەیشتە دیوارێک. پاڵی داوە و بارەکەی لەسەر شانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد. دەگەڵ ئەوەی لاقەکانی نووشتابۆوە، نەیدەویست دانیشێ چوون نەیدەتوانی کوڕەکەی سەرلەنوێ لەسەر کۆڵی دانێتەوە. ئەو کوڕەی چەند کاتژمێر لەوە پێش خەڵک لە سەر کۆڵیان دانابوو، بۆ پیرەپیاو هەڵگرتنی سەرلە نوێی لە حەرز کارێکی دژوار بوو. هەتا ئێرە کوڕەکەی بەو شێوەیە هێنابوو.
ـ وەزعت چۆنە؟
ـ خراپە.
کوڕ کەمی قسە دەکرد و وردەوردە قسەکردنەکەی کەمتر دەبووە، جاری وابوو دەتکوت خەوی لێکەوتۆ. جاری واش بوو لە سەرمان هەڵدەلەرزی. هەر کات کوڕ لاقەکانی وەک نەقیزە لەکەلەکەی دەکوتا پیرەپیاوە دەیزانی کوڕەکەی تووشی لێوەلەرزە بووە. دەستەکانی کوڕ بە تەوژمی دوورخستنەوەی ئەو دەبوو بە بازنە و وەک زەنگوڵەیەک لە سەری دەکەوت. پیرەپیاو دانی دەچیرەوە دەبرد هەتا زمانی نەگەزێ و تەنیا بۆ ئەوەی رادەوەستا کە بپرسێ زۆرت ژان هەیە؟ کوڕ ولامی دەداوە: یەکجار زۆر. کوڕ پێشتر پێی کوتبوو ئەمن

هەوالنامەی کتێب

لێرە دانێ و خۆت بە تەنیایی بڕۆ، ئەمن سبەینێ یان هەر کات کەمێک چاکتر بووم خۆم دەگەیەنمەوە. لانیکەم پەنجا کەپەت ئەو قسانەی بە بابی کوتبوو، ئیتر ئەوەشی نەدەکوت. مانگ دەشنێتەوە. لە رووبەڕوو لەسەر جۆگە مانگێکی سووری گەورە کە چاوەکانی تژی لە روناکی دەکرد. مانگەشەو هەموو شوێنێکی داپۆشیبوو نیستی درێژی ئەوانی ڕەشتر دەکرد. پیرەپیاو کوتی :

ـ ئیتر نابینم بەڕەو کوێ دەچم. ولامێکی نەبیست. ڕوومەتی ئەوەیتر کە لە سەرێ، لەسەر کۆڵی پیرەپیاوە، بەڕەو پێش دەچوو، بە تەواوی روناک ببۆوە. ڕوومەتێکی زەردهەڵگەڕاو و کەمخوێن کە تیشکێکی کزی زایەڵە دەکرد. پیرەپیاو لە خوارێ کوتی:

ـ گوێت لێیە ئێگناسیۆ، کوتم ئیتر چاک نابینم.

کوڕ دەنگی نەکرد. پیرەپیاو لەگەڵ خزینی جاروباری لاقەکانی ڕێگاکەی درێژە دەدا. ئەژنۆکانی کووڕ دەکرد و راستی دەکردەوە هەتا هاوسەنگێکەی ڕاگرێ. ئەوە ڕێگای "تونایا" نێ، بە ئێمەیان کوت "تونایا" لەو بەری شاخێیە، ئێمە لە شاخی تێپەڕ بووین و "تونایا" نابینین، هیچ دەنگێکیش نابیسین کە هەواڵێکمان لە "تونایا" پێبدا. ئەتۆ کە لە سەرێی ئێگناسیۆ بۆ ناتهەوێ ئەو شتانەی کە دەیبینی، پێم بڵێی؟

ـ لە حەرزێم دانێ بابە.

ـ ژانت هەیە؟

ـ بەڵێ

ـ مەگەر گوێت لێنەبوو. کوتم بە تەمام بە هەر شێوەیەک بێ بتگەیەنمە "تونایا" لەوێ کەسێک پەیدا دەکەم هەتا چاوەدێریت لێبکا، دەڵین پزیشکێکی لێیە دەتبەمە لای وی. چەند کاتژمێرە لەسەر شانم داناوی و هێناومی. بەتەما نیم بەتەنێ بەجێت بێڵم هەتا خۆت بە کوشتن بدەی. پیرەپیاو لەپڕا هەڵخلیسکا و دوو سێ سەر سمی دا و لە سەرپا قیت بۆوە.

ـ دەتگەیەنمە "تونایا".

ـ لە حەرزێم دانێ ـ دەنگی لە کزی دا وەک سرتەیەک دەمهەوێ تۆزێک بنووم .

ـ هەر لەوێ بنوو.

ـ تووند راتدەگرم.

لە ئاسمانێکی روناکدا مانگ وەدیار کەوتبوو بە رەنگێکی شینەوە. دەوچاوی پیرەپیاو بە ئارەقە تەڕ ببوو. کوڕ بە دەستەکانی دەوچاوی پیرە پیاوی دەکوشی نەیدەتوانی سەری دانوێنی هەر بۆیە چاوەکانی بۆ دزینەوە لە تیشکی مانگ دەسووڕاند هەتا ڕاستەوخۆ لە پێشێ نەڕوانێ.

ـ ئەو کارانەی دەیکەم لە بەر بەڕێزت نێ ئەمن ئەو کارانە لە بەر دایکی خوالێخۆشبووت دەکەم. لەبەر ئەوەی ئەتۆ کوڕی ئەو بووی هەر بۆیەش ئەو کارەی دەکەم. ئەگەر لەو شوێنەی دۆزیمیەوە، جێم هێشتبای دایکت لۆمەی دەکردم. هەموو ئەو کارانە لەبەر دایکتە. نە لەبەر خاتری بەڕێزت. تەنیا شتێکی کە لە تۆ پێم گەیشتۆ خەم و خەفەت بووە لەگەڵ سەرشۆڕی. دڵۆپەکانی ئارەقە لە کاتی قسەکردندا ڕوومەتی دادەپۆشی. دوایەش بە شنەی ساردی نیوەشەو وێشک دەبووە، بەڵام لەسەر ئارەقەی وێشکەوە بوو دیسان ئارەقە دەموچاوی تەڕ دەکرد.

ـ ئەگەر تەنیا خۆشم لە ناو بچم بەڕێزت دەگەیەنمە "تونایا"، هەتا تەواوی بریندەکانت سارێژ بێ. ئەرخەیان بە، دەگەڵ چاکبوونەوەت دیسان ناجسنێکانت دەست پێدەکەیەوە. بەڵام ئیتر بۆ من جیاوازی نییە بەو مەرجەی پێوقەدەمی نەگریست هەڵگری و بڕۆیە شوێنێک کە هیچ کات دەنگێک لە تۆ نەبیسم. ئیدی کوڕی من نی. بە نەحلەتم کردووی. هەر شتێک کە لە منەوە پێت گەیشت بێ، ئەویشم بە نەحلەت کردۆ. کوتم «هیوادارم ئەو خوێنەی پێم داوە لە دڵیدا بۆگەنیو بێ» ئەوەم کاتێک کوت کە تێگەیشتم بە دزی و پیاوکوژی لە سەر شەقامەکان ژیانت بەسەر دەبەی. بە کوشتنی مرۆڤی چاک و لەبەر دڵان. تەنیا مرۆڤێک وەک زڕیابی من "تران خوێتیلیننۆ" کە غوسڵی تەعمیدیدای و نێوی خۆی لەسەر دانای. ئەو کەسەی تووشی ئەو چارەڕەشێیەی هات و تووشی بە تووشی تۆ بوو. لەوێ ڕۆژیەوە بە خۆم کوت ئەوە وێناچێ کوڕی من بێ.

بزانە شتێک سرنجت ڕاناکێشێ؟ هیچ دەنگێکی نابیسی؟ ئاخر ئەوە نی لە سەرێی لانیکەم دەتوانی ئەو کارەی بکەی. ئەمن هەست دەکەم ئیتر گوێم لە هیچ نابێ. هیچ نابینم، لەعنەت لە تۆ ئێگناسیۆ!

ـ ئەمن تووڕیمە.

ـ سەبر بگرە دەبێ نزیک بووبینەوە. بەڵام گرفت ئەوەیە شەو درەنگە و خەڵکی ئاوایی دەبێ چراکانیان کوژاندبێتەوە. بەڵام ئەتۆ دەتوانی لانیکەم گوێ هەڵخەی بزانی سەگەکان دەوەڕن. جوان گوێ هەڵخە.

ـ ئاوم دەیە.

ـ ئێرە ئاوی لێ نێ. لێرە جگە لە بەرد هیچ شتێک وەگیر ناکەوێ. تەنیا ئەگەر ئاویشی لێبا بۆ خواردنەوەی ئاو لەسەر حەرزیم دانەدەنای. چوونکە کەسی لێ نێ هەتا یارمەتیمان بدا دیسان لە سەر شانت دانێمەوە .خۆشم بە تەنیایی ئەو کارەم پێ ناکرێ.

ـ زۆرم تووڕییە. خەویشم دێ.

لە منداڵێتەوە هەتا ئێستا هەر هیچ نەگۆڕدراوی، چاکم لە بیرە بە منداڵی کاتێک برسی بای وەخەبەر دەهاتی و کاتێک تێر بای دەنووستی. دایکیشت ئاوی پێدەدای. لە بەر ئەوەی شیرەکەییت تەواو کردبوو، هەمیشە گرووت دەگرت و زیقە و هاوارت وەڕێ دەخست . قەت بیرم لەوەی نەدەکردەوە کە ئەو زیقە و هاوارە ببێ بە شێتی و ئەوە شتێکە رووی داوە. دایکی خودا لێ خۆش بووت دەیهەویست تۆ بەخێو کا هەتا بەهێز بی. وایدەزانی ئەگە گەورە بووی دەبی بە پاڵپشتی. جگە لە تۆ منداڵێکی نەبوو. کوڕەکەیتری لە کاتی هاتنە ژیاندا، ئەوی کوشت، لەزگکردن تێداچوو. ئەگەر دایکت هەتا ئێستا مابا ئەتۆش جارێکیتر دەتکوشت. هەستی دەکرد تەوژمی ئەژنۆکانی کوڕەکەی لە کەمی داوە، پیرەپیاو ئەژنۆکانی شل کرد هەتا هاوسەنگییەک دووبارە کاتەوە، وا تێگەیشت ئەو کەسەی لە سەر شانێتی بە تووندی تەکانێ دەخوا. تەکانێک و دوایەش هێق هێق. چەند دڵۆپی گەورەی فرمێسکی بە سەردا رژا.

ـ ئەوە دەگری ئیگناسیۆ؟ بیری دایکت دەگریانی کردووی؟

ـ بەڕاستی وایە؟

ـ بەڵام ئەتۆ هیچ ئیشێکت بۆ نەکرد. تۆ هەمیشە سەبارەت بە ئێمە خراپ بووی. هەموو خەڵک وا دەزانن لەبری خۆشەویستی، فێری شەڕفرۆشیمان کردووی. ئێستاش بە گوللە بریندارمان کردووی. بەڕاستی هاورێکانت چیان بەسەر هات؟ هەموویان دەکووژن.

ـ ئەوان هیچ کەسوکارێکیان نێ. بە خۆیان دەڵێن" ئێمە هیچ کەسمان نێ، زگی پێمان بسووتێ" ئەی ئەتۆ ئیگناسیۆ؟

ئیتر گەیشتبوونە ئاوایی. سەربانی خانووچکەکانی بینی کە بە مانگەشەو، روونا‌ک ببوونەوە. کاتێک هەستی کرد ئەژنۆکانی هێزی خۆراگریان نەماوە تازە تێگەیشت کە تەواوی قورسایی کێشی کوڕەکەی کەوتۆتە سەر کۆڵی. دەگەڵ گەیشتنە یەکەم ماڵ، پاڵی بە جەدوەلی هاتوچۆی ڕێبواران دا و شەکەت و ماندوو ڕاکشا. وا خۆی خرتی حەرزی کرد کە دەتکوت ئازای ئەندامی لە یەک هەڵوەشاوە. بە زۆری قامکەکانی کوڕەکەی، کە لە ملی گرێ درابوو، کردەوە. ئەو، بۆ هەمیشە رزگار ببوو. سەوەڕێکی زۆری بیست.

ـ ئەتۆ ئیگناسیۆ دەنگی سەگەکانت نەدەبیست؟

ـ ئەتۆ تەنانەت ئەو هیوایەشت لێ زەوت کردبووم.

سەرچاوە:


از فراسوی آینه‌ها.

داستانهای کوتاه آمریکای لاتین: کلۆدکۆفۆن

مترجم: پرندوش توسلی نشر آبی ۱۳۸۰

هەواڵنامەی کتێب

فیلمسازی و ڕەوان دەرمانی



نووسەر: ئێمێلی فیلیپس
وەرگێڕ بۆ فارسی: فەرشید عەتایی
وەرگێڕ بۆ کوردی: یەعقووب خزری

«لارس وون تێریە» مرۆڤێک نییە خۆی لە شەڕ و هەڵا بپارێزێ؛ پێناوێک کە فیلمەکانی وەک «داگوێل» و «گەوجەکان»ی ساز کردبێ تەنانەت پێشوازیش لە شەڕ و هەڵا دەکا. بەڵام تازەترین فیلمی وی بە نێوی«دەجال» هەر لەو کاتەوە لە فستیوالّی کەن نمایش درا هەڵلّایەکی ساز کرد کە تەنانەت بۆخۆیشی سەری سووڕما

ئێمە لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئەو دەرهێنەرە دانماڕکییە لێمان پرسی بیرۆکەی سازکردنی فیلمی «دەجال» لە کوێوە سەرچاوەی گرت، ئەو فیلمە بۆچی وەکوو ئەزموونێکی دەرمانییە و کارکردن دەگەڵ تەنیا دوو ئەکتەر چ ئەزموونێکی بۆی هەبووە؟

پرسیار: بیرۆکەی فیلمی «دەجال»لە کوێوە هات؟

وڵام : وەڵلا ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەبا، بەڵام هەموو شتێک نزیک زرێبارێکی کۆن لە دارستانێکدا دەستی پێکرد. خۆتان دەزانن زۆربەی خەڵک وێنەی ئاسکە کێوییەکیان لە مالّێ هەڵواسیوە ئەگەر لە من بپرسن لە کوێی دونیا زیاتر لە هەموو جێگایەک هەست بە خۆشی دەکەم، دەڵێم لە جێگایەکی ئاوادا. بە ڕای من جێگایەکی ئاوا ئەو هەستە بە هەموومان دەبەخشێ، پاشان فیلمێکی موستەنەدم لە بارەی دارستانەکانی ئوروپادا دیت؛ لەودا جێگایەک بەو سرووشتە جوان و ڕەنگاوڕەنگە، جێگایەکە کە کوشتن و ئازاری زۆری تێدایە، چوونکە هەموو بوونەوەرەکان دەیانهەوێ لەوێ ژیان بەرنە سەر. ئەو شتە بۆ من سرنجراکێش بوو، چوونکە ئەگەر ئێوە بچن بۆ شێوەردێک یان پارکێک ، تاقمێک لەو بوونەوەرانەی تێدابێ و هۆگریمان پێیان هەبێ شتەکە جیاوازی زۆرە، لەبەر ئەوەی شەڕی کەمتر تێدایە. کەواتە وەکوو سرووشتی پڕ هەراوهوریای کەونارایی نییە. بە خۆم کوت ئەگەر ئەو دوو شتە لە پەنا یەک دابنێم ئاکامێکی سرنجراکێشی لێدەکەوێتەوە.

پرسیار: بیرۆکەیتری ئەو فیلمە لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتییەکانە، لە حاڵێکدا دوو کەسایەتی پیاو و ژنی فیلمەکە خەمی لە دەست دانی منداڵەکەیان، ئازاریان دەدا، ئەوانت لە دارستانێک داناوە؛ ئەو بیرۆکەیە لە کوێوە هات؟

وڵام: هەمیشە لەو فکرەدا بووم فیلمێکی سازکەم تەنیا دوو ئەکتەری تێدابێ. هەڵبەت ئەوە خۆی لە خۆیدا گرفتێکی گەورە بوو. پاشان تەمام گرت لە بارەی شتێکدا فیلم ساز کەم زانیاریم تێیدا هەبێ، ئەو کەسایەتییانەشم لە بارودۆخێکدا دانابوو کە یەکێک لەوان لە حاڵی دەرمان دابوو.

پرسیار: فەرموتان سازکردنی ئەم فیلمە وەکوو دەرمانێک بۆ نەخۆشی خەمۆکی جەنابتان بووە، ئایا هەستت بەوەکردووە ئەم فیلمە ئەزموونێکی «کاتارسیی» بۆ ئێوە هەبووە؟

وڵام: هەموو ڕۆژێ خەریکی سازکردنی ئەو فیلمە بووم، سەرەتا مرۆڤ لە خۆی دەپرسێ: چۆن دەبێ شتێک کە ئێستا نووسینەکەشی تەواو نەبووە سازی کەی. بەڵام بە هەرحاڵ دەبێ سازی کەی و لە سەر سازکردنەکەشی سوور بی. فیلمسازی بۆ نەخۆشی خەمۆکی گەلێ بە نرخە. پێشتر بە هۆی نەخۆشی لە سەر جێگا کەوتبووم و هەمیشە چاوم لە دیوار بڕیبوو، بەڵام ئێستا لە سەر لاقی خۆم ڕاوەستاوم.

پرسیار: داخوا فیلمنامەی «دەجال»تان هەر لەو ڕۆژگارە ڕەشەی تووشی خەمۆکی ببوون نووسی یان ئەوەیکە هەستان دەکرد داهێنانی هونەریتان کۆتایی پێهاتووە؟

وڵام: نە، کۆتایی پێهاتنی داهێنانی هونەری زووتر ڕووی دەدا؛ پاشان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر ڕەوانەدەرمانی دابووم،هەڵبەت دەبێ بڵێم تەنانەت لە زۆر قۆناغیشدا یارمەتیدەریشم بووە. پاشان ڕۆژێ یەک دوو بیرۆکەم بە زەین دەگەیشت، کارەکەشم هەر بەو بیرۆکانەوە دەستپێکرد. ڕۆژێ نزیکەی دە لاپەڕەم دەنووسی.

پرسیار: کەواتە نووسینی فیلمنامەکە چەندی خایاند؟

وڵام: نزیکەی یەک دوو مانگ.

پرسیار: داخوا کەسایەتی«ویلیامز»ت بە پێی کەسایەتی ئەو پزیشکە رەوانییە تایبەتەی کە دەتناسی، نووسیبووت؟

وڵام: نە، لە بابەت رەوان دەرمانی نێو فیلمەکە ڕوانگەیەکی تەنزم هەبوو، بەرای من دژکردەوە (واکنش) راستەقینەکەی منیش لە بەرابەر رەواندەرمانیدا شتێک لەو مایانەدا بوو. یەکێک لەو شتانەی لە رەواندەرمانیدا بە نەخۆش دەکوترێ ئەوەیە: دەبێ لە حاڵەتی "دڵەڕاوکێ"دا بمێنێتەوە و بۆ خۆی لێکی بداتەوە، بەڵام ئەنجامی ئەو کارە زۆرجاران جێبەجێ نابێ، هەڵبەت کوتنەکەی زۆرئاسانە بەڵام ئەنجامی ئەو کارە بۆ نەخۆش زۆر دژوارە.

پرسیار: کارکردن لەگەڵ ویلیام و شارلۆت چۆن بوو؟ ئایا شێوازەکانی تۆیان بە ئاسانی قەبوڵ دەکرد یان ئەوەیکە بە زمانلووسی دەیانویست کارەکان بە شێوەیەکی ئاسانتر ئەنجام بدەن ؟

وڵام: دەبێ بڵێم ڕێز و سپاسم هەیە بۆ هەر دووکیان، لە حاڵێکدا هەلومەرجێکی باشم نەبوو ئەوان بەڕاستی یارمەتییان دام.

پرسیار: دەمەوێ پرسیارێکت لە بابەت ڕێویە وێژەرەکە لێبپرسم؛پشتیوانی فکری ئەو بیرۆکەیە (قسەکردنی ڕێوی) چ بوو؟ ئەو بەشە لەگەڵ بەشەکانیتری فیلمەکە جیاوازیەکی زۆری هەیە، دەراستیدا زۆر سەیر و سەمەرەیە.

وڵام: ئێوە راست دەکەن. لە حەقیقەتدا زۆرم بیر لەوە نەکردۆتەوە، هەموو بوونەوەرەکانی نێو فیلمەکە وێنەگەلی سالاّنی رابردووی ژیانی منن. جاری وایە مرۆڤ هێندێک سەفەری خەیاڵاوی دەکا و دوایەش دەچێتە ناو دونیایەکی بەرابەر و لەوێدا لەگەڵ بوونەوەرەکان قسە دەکا. بەڵێ، داوای لێبوردن دەکەم، لە راستیدا بۆ خۆم بەرپرسی ئەو مەسەلەیە نەبووم .

پرسیار: نە، ئەو سەحنەیە کارکردی تایبەتی خۆی هەبوو، یەکێک لەو سەحنانەی دژکردەوەی زۆری لێکەوتەوە، ئەوە بوو لەوێدا یەکێک لە کەسایەتیەکان بە ئاشکرایی دەخەسێندرێ؛ بۆچی وێستان بەو جۆرە کۆتایی بە خەم و کەسەری کەسایەتی ژنی فیلمەکە بێنن ئایا ئەو مەسەلەیە هۆی تایبەتی هەبوو؟

وڵام: خەساندن؟ یەکێک لەو کارانەی لە درێژەی ئەو ڕەوان دەرمانییەدا دەکرێ «ئازارگەیاندن بە خۆیە» لێرەدا ترس زاڵ دەبێ و راستیەکەش دەگۆڕێ.

پرسیار: بەرای خۆتان ئەو فیلمانەی ئاوا قسەوباسیان لێدەکەوێتەوە، بەئەنقەست سازیان دەکەن یا هەروا شانسی قسەوباس و هەراوهوریایان لێدەکەوێتەوە؟

وڵام: بەڵێ، ئەو فیلمانە ئاکامی بیروبۆچوونی خۆمن. دەبێ بڵێم ئامانجی من لە سازکردنی فیلمێکی ئاوا ئەوەیە، شێوە بۆچوونی خۆمی تێدا بگونجێنم.

پرسیار: پرسیاری ئاخر ئەوەیکە ئێستا خەریکی چ کارێکن؟

وڵام: هیچ شتێک،باخچەیەکم هەیە هەموو جۆرە سەوزیەکی تێدا دەچێنم، پارەماسی، کاهوو و هەموو جۆرە سەوزیەک؛ ئێستا خەریکی ئەو باخچەیەم.

تێبینی: فیلمسازی یازدە ساڵانە:«لارس وون تێریە» دەرهێنەر و فیلمنامەنووسێکی ٥٣ ساڵەی خەڵکی دانمارکە؛ نامزەدی خەڵاتی ئۆسکاریش بووە. لە دامەزرێنەرانی شێوازی « دۆگما ٩٥» لە فیلمسازی دایە، هەرچەند شێوازە جۆراوجۆرەکانی فیلمسازیشی تاقی کردۆتەوە. وون تێریە لە بنەماڵەیەک لە دایک بووە و گەشەی کردووە،زۆر ئایینی نەبوون. لە تەمەنی یازدە ساڵیدا کاتێک کامێرایەکی «سووپێر-٨» ی بەکادۆ وەرگرت رووی کردە فیلمسازی. لە ماوەی خوێندنی دواناوەندیدا خەریکی سازکردنی فیلم بوو. لە ساڵی ١٩٧٩ چوو بۆ «قوتابخانەی فیلمسازی دانمارک» هەر لەو دەورانەدا بوو دوو فیلمی بە ناوەکانی« شەوانە» (١٩٨٠) و «وێنەی ئازادی» (١٩٨٣) ساز کرد، هەر دووکیان لە فستیوالّی فیلمی مونیخ خەڵاتی باشترین فیلمیان وەرگرت.«سەماکەر لە تاریکیدا» بە ناوبانگترین فیلمی « وون تێریە»یە ئەو فیلمە براوەی خەڵاتی پرپایەخی «خورمای زێڕین» فستیوالّی کەن بوو و ئاوازەکەشی لە بەشی باشترین ئاواز؛ کاندیدای خەڵاتی ئۆسکار بووە .«تێریە» تووشی چەند جۆرە نەخۆشی ترس بووە، یەکێک لەوان ترس لە فڕینە .هەموو جارێ کاتێک دەیهەویست بەشداری لە فستیوالّی کەن بکا، بە ماشێن لە دانمارکەوە دەچوو بۆ فەڕانسە! هەروەها نەخۆشی خەمۆکیشی هەیە. تازەترین فیلمی «تێریە» ناوی «دەجالە» چیرۆکی ئەو فیلمە لە بارەی ژن و مێردێک دایە، دوای مردنی منداڵەکەیان دەچنە ناو دارستانێکی و لەوێ هێندێک ڕووداوی سەیر و سەمەرە و ترسناکیان بۆ دێتە پێش ئەم فیلمە لە پێشەکییەک و چوار تەوەرە (خەم، دەرد، داماوی و سێ سوالّکەر) دروست بووە.

سەرچاوەی وەرگێڕی کوردی: ڕۆژنامەی جامجم ٢٠ ی گەلاوێژی ١٣٨٨ —

سەرچاوەی سەرەکی: گۆڤاری ئێمپایر ٢٠ی جولای ٢٠٠٩

هەوڵنامەی کێبڕکێ



رامان مەحموودی

سکانسی یەکەم: دەرەوە؛ لە نمایەکی دوور، نیشاندانی باغێک کە کەپرێکی لە نێو دایە و لە نێوان دوو پارچە بەردا دەبیندرێ. دەنگی بوونەوەرگەلێک لە نێو باغەکەدا دەبیسرێ.

سکانسی دووەەم: ژوورەوە؛ لە نمایەکی مام ناوەندی، دیوێک. نیشاندانی جێگەوبانێکی ئاڵۆز. ژنێک هەندێ دوورتر لە جێگەوبانەکە بە کراسێکی رەش دەستەوئەژنۆ دانیشتووە. جارجارە دەست دەخاتە نێو قژەکانی و هەندێ لە موویەکانی دەپنێتەوە. ژنەکە: هەموومان منداڵ بووین؛ نا، هەر ئەمن منداڵ بووم، شەوێک دەڕوا و بە جێمان دێڵێ. نازانم، خەڵک وا دەڵێن. نا، تەنیا خەڵک وا ناڵێن، ئەویش وا دەڵێ. هەر لە خۆڕا نەبوو هەڵبەت شەڕیان لێ پەیدا ببوو. نازانم، رەنگە لە خۆڕاش ڕۆیشتبێ. بە دەستی تاڵەکانی قژی کۆ دەکاتەوە. خێرا خەریکی نینۆک خواردن دەبێ، نینۆک خواردنەکەی کاریگەری دەکاتە سەر قسەکانی و قسەکانی زۆر ڕوون و ئاشکرا نین. بەرەو کورسێکەی گۆشەی هۆدەکە دەچێ و دەستی لە سەر دادەنێ؛ ئەمن منداڵ بووم، گەورە نەبووم، تێنەدەگەیشتم، دەنا وەدووی دەکەوتم، ئەوانی دیکە گەورە بوون، ئەوانی دیکە گەورە بوون نازانم بۆ بە شوێنیدا نەچووبوون، هەڵبەت ئەگەر گەورەش بام، منیش وەکوو ئەوانی دی بە شوێنیدا نەدەچووم و داواشم نەدەکرد کە جێمان نەهێڵێ. هەڵبەت چارەنووس وابوو، چ نەدەکرا، دەبوا هەر جێی هێشتبایەن. سکانسی سێهەم: دەرەوە؛ لە نمایەکی دوور، نیشاندانی باغێک کە کەپرێکی لە نێو دایە و لە نێوان دوو پارچە بەردا دەبیندرێ. دەنگی ژنەکە، دوای ئەو هەموو قسەکردنە دەبێ سەرلەنوێ باسی ئەو دیوارە بکەم. هەر تۆ نی، بۆ زۆر کەسی‌ترم گێڕاوەتەوە. خۆم زۆر باش‌تر دەزانم کە دواتر لاسای دەنگم دەکەنەوە و بە گاڵتەوە دەڵێن: کێ کوتوویەتی بۆمان بگێڕیەوە؟! ئێمە بڵێین چی خۆت وات ویستووە. بۆ تۆشی بگێڕمەوە...

سکانسی چوارەم: ژوورەوە، دیسان ژنەکە، نمایەکی مام ناوەندی، هەر وایە... تۆش قاقام بۆ لێدەدەی و وەکوو ئەوان گەمەم پێ دەکەی و لاسای نینۆک خواردنەکەم دەکەیەوەو هەموو قسەکانم لێ دووپات دەکەیەوە. لە کورسێکە دوور دەبێتەوە و پاڵ وە دیوارەکەی پشت خۆی دەدا: دەزانم پارەکەشم بە دمی دادەدەی. سکانسی پێنجەم: دەرەوە نیشاندانی باغێک کە کەپرێکی لە وەسەت دایە دەبیندرێ و بێدەنگیەک بەسەری دا زاڵە. سکانسی شەشەم: ژوورەوە؛لە نمایەکی مام ناوەندی، دیسان ژنەکە: ڕوو بە دیوارەکە، خەریکی رنینەوەی دیوارەکەیە. ئەم دیوارە و چاولێکردنم لەم دیوارە لەمێژ سااڵە لە سەر زاری خەڵک دەگەڕێ. چەند جارێک هەر ویستوومە بچمە ژێر دیوارەکەی؛ هەر ویستوومە بچمە ژێر دیوارەکەی. بە خودا نامهەوێ بە سەر دیوارەکەدا بڕوانم. نامهەوێ ئەو شتانەی بڕیارە لە سەر دیوارەکە ببیندرێ، ببینم. تەنیا دەمهەوێ لێی نزیک ببمەوە. بە ئەویشم کوتووە تازە ناهێڵم کەس بە دڵ شکاوییەوە لەم هۆدەیە بچێتە دەرێ. ئیتر سەر ناسوورێنم کە هەوڵ بدەم سەیری ئەم دیوارە بکەم. دیسان خەریکی نینۆکخواردنە: بێفایدەیە، خۆزگە بۆ تۆشم نەگێڕاباوە. خەریکی قەدەم لێدانە. ئەمن عەقڵم لە دەست داوە. نەدەبوا ئەوانەم گێڕاباوە، باشە بۆ کێی بگێڕمەوە، کاتێ کەسێک نییە، ئەگەر کەسێکیش هەبێ دەڵێی ئەم پارەیەم بە کوێرەوەرێکی زۆر وەدەست هێناوە. هاتووم پارە بدەم کە... هەر لێی گەڕێ ئەم قسەیەش وەکوو قسەکانی‌تر لەم هۆدەیەدا بڵاو دەبێتەوە. لای جێگەوبانەکە ڕادەوەستێ. خەریکی ڕێکوپێککردنی جێگاوبانەکەیە.

سکانسی حەوتەم: دەرەوە؛ لە نەمایەکی دوورەوە. ژن بە لیباسێکی ڕەشەوەو پیاوێک بە کراسی سپی لە نێو کەپرەکەدا ڕاوستاون و منداڵێکیش بۆ لایان دێ. ژن و پیاوی نێو کەپرەکە تێکڕا دەستیان درێژ دەکەن و دەڵێن وەرە ئێرە، ڕامەکە، ماندوو دەبی، تۆ هەمیشە ملت دێشێ. با دیسان وەکوو جارانی‌تر وەژان نەکەوێتەوە. سکانسی هەشتەم: ژوورەوە؛ نمایەکی داخراو، نیشاندانی دەرکەیەک، دەنگێکی پیاوانە لە نێو ئەو هۆدەی کە دەرکەکەی داخستراوە، دەبیسرێ. هەر بڕۆ خودای شوکر کە، کە جوانی پێبەخشیوی، دەنا کەس پارە لە زۆربڵەیەکی وەکوو تۆ، خەسار نەدەکرد. بیستبووم زۆری دەڵێی، بەڵام نەمدەزانی داواکاریشت هەیە. بە قاقاوە لەو دیوارەی نزیک بمەوە! کەس غەڵەتی وای نەکردووە. قاقایەک. نەچێ ژێر ئەم دیوارە، لەوانەیە پاڵی وێدەی و بە سەریدا بڕووخێ.

سکانسی نۆهەم: دەرەوە: لە نەمایەکی دوورەوە، ژن و پیاوێک و منداڵێک لە نێو کەپرەکەدا دانیشتوون.

سەرەونخوون



مریەم قازی

لەو دەنکە بەفرانە رامابووم کە نەدەبارین. بە وێنەی تووکە پەڕی بالّنجێکی هەلّوەشاو کە بە ئەسپایی دوای چەند جار لەنگەر بەستن دەڕژایە سەر عەرزی، وام هەست کرد منیش دەگەلّ هاتنە خواری ئەوان دەچمە سەرێ. یانی پیموابوو دەچمە سەرێ، هەموو شت دەسووڕا، بۆ خۆم، ولّات و ئەو دەنکە بەفرانەی کە نەدەبارین. پیموانەبوو بزانم بۆ کوێ دەچم بۆ خۆم پێم هەلّنەگرتبوو بۆ ئەم سەفەرە لەم کەشوهەوایە سپییەدا کە جگە لە سەفحەیەکی سپی بەهەزاران دەنکە بەفری نەباریو، چیترم نەدەدیت. سەرم بردێک لە گێژەوە دەهات. کەشوهەواکە وێنەدەچوو تەنانەت یەک پرسیاریشی بۆ ساز دابێم بەلّام وابزانم پرسیارێکم لە خۆم کردبوو...؟؟؟ ئەم ورده لۆکانەی کە زۆر دلّنیا نەبووم لەوەی کە هەر بەشێک بین لە ئەم مەلافە سپییە کولّکنەی کە هەموو شتی لەبەر خۆی گرتبوو، کەشوهەواکە یەکدەستتر لەوە کردبوو کە جگە لەو شتەی کە هەبوو بکرێ هیچ بیرێکی دیکە بکرێتەوە. تەنانەت لە سەرەگێژەی ئەم سووڕانەدا کە ئێستا ئیتر نەمدەزانی بۆ سەرێیە یان بۆ خوارێ، خەریک بوو ئەم تاقانە پرسیارەشم لە بیر دەچووە. چاوم رەش داگیرسا وا بزانم سەرەتا مەلافەکە بوو بە ماشوبرینجی و هاوکات ئەو دەنکە بەفرانەش کە نەدەبارین و لە پاشان خەریک بوو رەش دادەگیرسا. رەش رەش. رادەچلّەکام، هیچم نەدەدیت مەترسی بەربوونەوەشم هەبوو بەلّام هیچ شتێک نەبوو دەستی پێبگرم و وێدەچوو بۆشاییەکی پڕوپووچ لە جیات هەموو دەسگیرەیەک دەستەکانمی پڕ دەکرد لە هیچ و پووچ. وێدەچوو لە نێوان ئەرز و ئاسماندا سەرگەردان بووبێم. تارادەیەک لێم حالّیبوو کە خەریکبوو بەردەبوومەوە خوارێ. لە سەرەوا کەهیچ شتی نەبوو خۆمی پێبگرمەوە و لانیکەم تا دەکەوتمە عەرزی سەرەونخوون نەبمەوە و منیش وەک پەڕە مریشکەکان؛ نازەکا دەنکە بەفرەکان کەهێشتا نەباریبوون تا دەگاتە خوارێ هەزار خول لێنەدەم؛ لە ترسان دلّم زۆچوو و ئیتر خۆم پێڕانەگیرا و سەرەونخوون بوومەوە. ئەمجارەشیان هەموو شت هەر یەکڕەنگ بوو هەر وەک ئەو دەم کەهێشتا سەرەو...و هێندە سووڕام و خولم خواردەوە کە ئیتر بە تەواوی هۆشم لە خۆم بڕابوو و ئێستا ئیتر نازانم لە نێو ئەو هەزارەهەزارەدا لە نێو دەنکە بەفرانەی هیچکات نەباریون، کامیان بۆ خۆمن؟ لێک ناکرێنەوە. هەموو وێک دەچن؛هەموو سووک و چرووک و یەک رەنگ و بێرەنگ؛ سەرشێواو و بێدەسەلّات کە هیچ بۆشاییەک وەخۆی نەگرتن و بارتەقای سووکبوونی خۆیان جازیبەی زەوی بە نابەدلّی بۆ لای خۆی رادەکێشان... . پێموایە ئەمن هەر ئەو دەنکە بەفرەم کە هێستا نەباریوم لە نێو مەلافەیەکی سپیدا کە جاروبار لە بەر یەکڕەنگی چاوم لە رەشەوە دەبا و بە ئەم رەشاییە هەموو جارێ دلّم رۆ دەچێ...پێموایە یان لەوانەشە نێزڕابێم، نازانم...

خوێندنەوەی چیرۆکی "سەرەونخوون"

عەزیز مەحموودپوور

ئێشکلۆفسکی پێیوایە هونەر ڕاگوێزتنی ئیحساسە هەر بەو جۆرەی کە هەستی پێدەکرێ، نەک بەو شێوەیەی کە ناسراوە. تکنیکی هونەر "نامۆکردن" و سڕینەوەی ناسیاوییە لە شتەکان. هەروەها دژوارکردنی فۆرم و ئەو ماوەیەیە کە دەبێ هەست بە شتێک بکردرێ. چونکە ڕەوتی هەست پێکردن لە ناخی خۆیدا ئاکامێکی جوانیناسانەی هەیە و دەبێ مەوداکەی درێژ بکردرێتەوە .هەروەها بۆ وەی دیاردەیەک لە ڕوانگەی خوێنەردا کارکردێکی هونەری بە خۆوە بگرێ پێویستە غەوری ناسیاوی لێ بسڕدرێتەوە .چیرۆکیش وەک فۆرمێکی هونەری ئەم قاعیدەیە دەیگرێتەوە و بۆ ڕزگاربوون لە ئوتۆماتیزەبوون هانا دەباتە بەر هێندێک تکنیک و تەمهیدی ڕیوایی. کورتە چیرۆکیش بە هۆی ئەو پێکهاتە ڕیواییەی کە هەیەتی ئەو مەودایە بۆ چیرۆکنووس دەڕەخسێنێ کە زوو زوو غەوری ناسیاوی لە فۆرم و گێڕانەوەدا بەدی بێنێ و لە فۆرمی ڕیوایی نوێ و جیاوازدا خۆی پێشکەش بکاتەوە. ئەو کارەی کە لە چیرۆکی "سەرەونخوون"دا بە باشی بە ئاکام گەیشتووە و شێوازی گێڕانەوە بە شێوەیەکە کە دەرفەتی بۆ خوێنەر ڕەخساندووە کە لە سوچێکی دیکەوە بڕوانێتە

هەولێر کتێب

هەست و ئیحساسی کەسایەتییەک سەبارەت بە ژیان و دەوروبەر. هەروەک دەزانین لە ژیانی ئاساییدا ئینسان لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، لە کۆی ئەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەریدا ڕوو دەدەن تەنیا سەرنجی خۆی دەداتە دانەیەک لەو ڕووداوانە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بەو هەلومەرجەی ئەوەوە هەیە و خۆی لەو شتانەی کە لە دەوروبەریدا ڕوو دەدەن دەبوێرێ. بۆ وێنە شۆفێرێک کە لە پشت چرای ڕێنمایی ڕاوەستاوە تەواوی فکر و زکری سەوزبوونی چراکەیە و ئەو ڕووداوانەی کە لە شەقام یان پێڕەو یان لە دووکانەکان ڕوو دەدەن چ گرینگییەکیان بۆ ئەو نییە، گرینگ سەوزبوونی چرایە و ڕۆیشتنی ئەو. بەڵام هونەر مل ناداتە ئەم قاعیدەیەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوو دەدا. هونەر هاوکات سەرنجی دەخاتە سەر چەندین ڕووداو و هەلومەرجی تاقانە. ئەو کارەی کە لە چیرۆکی "سەرەونخوون"دا کراوە و بە هێنانە کایەی لایەنێکی داستانی و نیشانەیەکی ڕیوایی، بەرەبەرە دەرگا بەسەر چەندین لایەنی دیکەدا دەکرێتەوە کە پێوەندییەکی ئۆرگانیکیان لەگەڵ ئەو لایەنە سەرەتایە نییە و تەنیا پێوەندییەکی هێماناسانە لە خاڵێکدا کۆیان دەکاتەوە. چیرۆکەکە بەم ڕستەیەوە دەست پێدەکا: "لەو دەنکە بەفرانە ڕامابووم کە نەدەبارین." لێرەدا بەفر هێمای سەرەتاییە و تەواوی ئەو نیشانانەی دیکە کە لە درێژەی گێڕانەوەدا دێنە کایەوە و لەنگەریان لەسەر دەگیرێ، بە دەوری ئەم هێما سەرەتاییەوە هەڵدەخولێن. "تووکە پەڕی باڵنج، کەشوهەوای سپی، سەفحەی سپی، لۆکە، مەلافەی سپی، جاوی سپی..." سەرلەبەری ئەم هێمایانە هاوتەریب لەگەڵ نیشانەی یەکەمین کە "بەفر"ە دەچنە پێش و لە ڕاستیدا تەواوەتیان لە خاڵێکدا هاوبەشن و هێزێک لێکیان کۆ دەکاتەوە کە ئەویش سپییایە. کەسایەتی چیرۆک کە بۆ خۆی ڕاوی چیرۆکیشە، بە دەربڕینی یەکەم ڕستە، زەینی دەبێتە دەزگایەکی هێماساز و حەول دەدا پێوەندییەک لەگەڵ ئەم نیشانە سەرەتاییە و ئەو هێما زەینییانە ساز کات. بگێڕەوە لە پەستا هێمای تازە دەخولقێنێ کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە "بەفر"ەوە هەیە. تەشەنەسەندنی ئەم هێمایانە لە زەینی ڕاوی چیرۆکدا لە ئاکامدا فۆرم دەدا بە چیرۆک و ژیانی دەروونی بگێڕەوەی چیرۆک. هاتنەخوارێی "دەنکە بەفر"، "تووکە پەڕی باڵنج"کەی وەبیر دێنێتەوە. بەڵام لێرەدا ئەوەی جێی باسە ئەو تکنیکە زەریفە ڕیوایییەیە کە لە کار کراوە؛ بە هاتنە خوارێی ئارامی تووکەکان، کەسایەتی چیرۆک هەست بە بەرزبوونەوە و چوونەسەر دەکات و ئەم هەڵکشان و داکشانە سەحنەیەکی دراماتیک پێکدێنێ کە بۆ درێژەداربوونی ڕیوایەت زۆر گرینگە. هاوکات لەگەڵ ئەم هەڵکشانە، ڕێگە بۆ هاتنە کایەی ئەو هێمایانەی دی خۆش دەبێ و لە حاڵێکدا بگێڕەوە لە نێوان عەرز و ئاسماندا قەتیس ماوە، زەینی پەل داوێ و لە پەستا لق و پۆپی لێدەبێتەوە. لەم سەفەرە زەینییەدا کە بە نێو "سپییایی کەش وهەوا"دا تێدەپەڕێ، پرسیارێکی بوونناسانە لە حاند کەسایەتی چیرۆک قووت دەبێتەوە: "بۆ کوێ دەچم؟" ئەم پرسیارە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی فەزایەکی نوێ لە سازمانی ڕیوایی چیرۆکدا کە بە تەواوەت دژ بە فەزای سەرەتایی و هێمای یەکەمینە - کە سپییایە - فەزای گشتی چیرۆکەکە بەرەو ڕەشایی و ناهومێدی دەڕوا و هاوتەرازی و ئۆقرەیی لە گێڕانەوە دەستێنێ و چیرۆک بەرەو ئاراستەیەکی نوێ دەبات. هێمایەکی نوێ و هێزێکی نوێ لە ناخی دەقەکەدا هەڵدەقوڵێ و لەگەڵ ئەو نیشانانەی هەتا ئێستا ڕەوتی چیرۆکەکەیان ساغ کردۆتەوە دەکەوێتە ململانە. هێمای سپییایی و هێمای ڕەشایی ململانەی بەردەوامی ئەم دوو هێزە پاشماوەی چیرۆکەکە پێکدێنن. بە هاتنە کایەی نمادی ڕەشی زەنییەتی کەسایەتی چیرۆک گۆڕانی بەسەردا دێ و هەروەها سەر لە بەری نمادەکانی دیش بوونی وجودیان تووشی قەیران دەبێ و فەزای چیرۆک بەرەو فەزایەکی ڕەش و ئیگزیستانسیاڵ دەڕوا. ساختاری ڕستەکان لە خزمەت ئەم فەزایەدان و تەنانەت ئەو پێناسە سەرەتاییەی سەبارەت بە سپییایی "بەفر" لە زەینی خوێنەردا گۆڕابوو ناسیاوی لێ دەسڕدرێتەوە و سووک و چرووکییەکی بێمانا جێی دەگرێتەوە. یەکسانییەکی سووک و بێقیمەت جێی ئەو مانا فەلسەفییەی سەرەتا دەگرێتەوە کە تەنانەت زەویش بە نابەدڵی باوەشی بۆ دەگرێتەوە. هەتا ئاخر ڕستەکان وا وێدەچێ کە شەڕی نێوان ئەو دوو هێمایە - ڕەش و سپی - بە قازانجی ڕەشی کۆتایی پێهاتبێ، بەڵام کۆتایی چیرۆک ئەم ململانەیە بە شاراوەیی دەهێڵێتەوە و ئەم شەڕە لە زەینی خوێنەردا درێژە پەیدا دەکات. لە باری ماناییشەوە بەم هۆیە کە چیرۆکەکە ساختارێکی کراوە و پلۆرالی هەیە، ئەو دەرفەتە بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێ کە بۆچوونی پڕ ڕەنگامە و جیاوازی لە دەقەکە ببێت. ئەگەر مانا بریتی بێت لە نیزامێکی یەکگرتوو لەو سەرەداوانەی کە مانایەکی ڕوون یان شاراوەیان لەخۆ گرتووە، بێگومان ئەو کۆدە ماناییانەی بە چیرۆکەکەدا بڵاو بوونەوە ئەوەندە هەن کە لە چەندین لایەنەوە ڕاڤەی بکەین و لێکی بدەینەوە. ئەوەش لایەنێکی بەهێزی چیرۆکەکەیە کە لە جەغزی تەک ڕەهەندی و تاک ماناییدا پیشی نەخواردۆتەوە. لەوانەیە هەر کەسێک بتوانێ بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بڵێ مەبەستی چیرۆکنووس خستنە ڕووی ناهومێدی، ڕۆژمەڕەگی، مەرگ و بێمانایی ژیان، نادیاری ژیانی دوای مەرگ و ئەم شتانە بووە، بەڵام مەبەستی ئەم خوێندنەوەیە دەستنیشانکردنی مەبەستە ماناییەکانی چیرۆکنووس نییە، بەڵکوو نواندنی ئەو تەمهید و تکنیکانەیە کە چیرۆکنووس لە کاری کردوون هەتا دەقێکی ڕیوایی شکڵ بگرێ، دەقێک کە بتوانێ غەوری ناسیاوی لە پێشفەرزە فکرییەکانمان سەبارەت بە ژیان و مەرگ بسرێتەوە و ڕوانگەمان سەبارەت بە واقعییەتی خووپێکراو بگۆڕێ و لە گۆشە نیگایەکی نوێوە واقعییەتمان پێ بنوێنێتەوە.



سەرەتای من یەکەم دەردە

ئەمیر حەسەنپوور

چاوەکانت ئاوا راگرە، پێم خۆشە تێر بڕوانم بە چاوەکانت. پێم خۆش نییە کە هیچکات جوانی چاوەکانت لە مێشکم بڕۆنە دەر. بزەیەکی هاتە سەر لێوی و گوتی: ئەم چاوانە؟

خۆت دەزانی کە من تەنیا خۆشەویستی تۆ لە چاوەکانت دا دەبینم و چیتر لە لای من گرینگ نییە و تەنیا ئەوەشە کە چاوەکانت بۆ هەمیشە جوان دەکات. تکات لێ دەکەم ئازیزەکەم ئاوا راوەستە پێم خۆشە تێر بڕوانم، با بۆ یەکەم جاریش بێ بیانبینم کە چۆن دەبەسرێن و خەوت لێ دەکەوێ.

ـ تۆ کێی، تۆ هیچ حەرامزادەیەک نی، تۆ... تۆ... تۆ کەسێکی کە هیچ مانایەک لە ژیان نازانی، تۆ راوەستاوی، تۆ هیچت نەکرد، تۆ بێدەنگ مایەوە. تۆ... تۆ... تۆ... ئاخ کە لەعنەت بێ لە شەرافەتت، تۆ ترسنۆکێکی دەزانی؟ ترسنۆک، ئای...

ئاوێنەکە قەڵشێکی چکۆڵەی پێ داهات، بەڵام ئەوە دەستی من بوو کە لە ناو خوێندا ون ببوو. دەستیان بەستبووم و لە جێگایەک دەڕۆیشتم، نازانم کوێ بوو، چاوم بەسترابوو. هەموو شتێکم لەبیر چووبۆوە تەنانەت هەستم بە هیچ شتێک نەدەکرد، بەڵام جارناجارێک لە پشتەوە ڕا، دەستیم هەست پێ دەکرد کە لە لەشم دەکەوت، دەستم بەسترابۆوە و نەمدەتوانی هیچ بکەم، تەنانەت نەمدەتوانی بڵێم وا مەکەن...پاڵێکیان پێوە نام و بەربوومەوە سەر عەرزی، هەستم بە جیرەی دەرگایەک دەکرد کە دایانەدەخست. من نەمدەویست لێرە بم، من پێم خۆش بوو لە لای خۆشەویستەکەم بام کە جارناجارێک پێی دەگوتم: خۆشەویستی لە چاوەکانتدا دەبینم.

سێ ڕۆژ بوو کە نە هیچم خواردبوو نە پیساییەکم ڕشتبوو، خۆشم بێزم لە خۆم دەکرد و بێزار ببووم. چەند شتێک چووبوونە نێو گیانم و دەجوولانەوە، دەمزانی چن، خەریکی خواردنی پیسایی بوون، ڕۆنێکی زۆر پیس دەهات، ئەوە نە تاوانی بۆنی پیسایی من بێ، سەرم هەڵێنا هەستم کرد کە شتێک بە ڕوومەتمەوە نووساوە، پیساییەکیتر بوو کە هاتبوو بەر دەمم، دەستم دەلەرزی، دەترسام... زۆر دەترسام لە خۆم... لە ژیانم، لەو پیساییانە... لەم تاریکییە... لەم هەڵ ئێشەی گیانم.

ـ ببووە بەڕێز لەم شوێنانە هۆتێل پەیدا دەبێ؟

ـ کێ، من؟ چی؟

ـ ئەرێ، جیگایەک بۆ خەوتن پەیدا دەبێ؟

ـ بۆچی؟؟

ـ چ بۆچی، پەیدا دەبێ یا نا؟

ـ ببووە من خەڵکی ئێرە نیم.

ـ نازانی لە هەوڵەوە وا بڵێی؟

کاتژمێر لە چەندی شەوێ لای داوە ئێستا هەر لە شەقامەکان دەخولێمەوە، نازانم بیر لە چی نەکەمەوە، تەواوی شتەکانی دنیا لە نێو مێشکم دەسووڕێن، ئێستاش ناتوانم ولامێک بۆخۆم بدۆزمەوە، تەنیایی گشت کاتەکانی ژیانمی پڕ کردووە، چیتر ناتوانم دانیشم و جگەرە بکێشم، مەستی بکەم و هەر شەوێ دەگەڵ کەسێک بخەوم. زۆر زۆر لەو شتە کە بیری لێ دەکەمەوە پیستر بووم، ژیانم پڕ بوو لەو شتانە، من ناتوانم ئەو کەسە بم کە ئەو دەیهەوێ، بە بااڵیەکی چکۆڵە و سەرێکی تاس و کۆسەیەکی هەمیشەیی هەر ساتەی هەست بەوە دەکەم کە مرۆڤێکی گەورەم. تۆ لە کوێی ئازیزەکەم دەمهەوێ لە لات بم. جیرەی دەرکەکە ڕاپەڕاندم، پێاڵقەیەک لە زگم کەوت و خستمێ سەر پشت، پەڕوێیەکەی لە چاوی کردمەوە، لە پێشم ڕاوەستابوو، لاقم وەلەرزین کەوت، خۆم لەسەر عەرزەکە دەسووڕاندەوە، پێاڵقەیەکی دیکەم لە زگی کەوت، پەڕوێیەکەی لە چاوم بەستەوە، بە هەر دوو لاقی هاتە سەر قاچەکانم و گوتی: بجوڵێیەوە وردیان دەکەم. ئەوە یەکەم ئێش بوو لە ژیانمدا هەستم پێ دەکرد.بەیانی کە لە مااڵێ هاتمە دەرێ دیتم لە کن دەرگا فرێیان داوە ، دەستم داهێناوە... هیچ گیانی نەمابوو.دیسان تێم راما و گوتی: بیر ناکەم ئێتر ئەم چاوانە خۆشەویستی و جوانییەکیان تێدا بێ، ئەوانەی تۆش دەیڵێی هەموو قسەن. تکات لێدەکەم ئاوا راوەستە بە ڕاست پێم خۆشە تێر بڕوانم لە چاوەکانت. تەنانەت جارێک ببینم چۆن خەوت لێ دەکەوێ. چاوم لە چاوی بڕببوو، بۆ یەکەم جار هەستم کرد ئێتر تەنیا نیم، ئەوەی دەمهەوێ لە لامە، چاوەکانی وردە وردە لە پێش چاوم بەستران.

هەوالنامەی کێبڕکێ



جیهان کەرەمی
مۆتە

دەنگی وێککەوتنی بنی چادانەکەی لەگەڵ سەری سەماوەرکە بیست. لە دۆزەخی نێوان خەو و هۆشیاری دابوو. چاوی بڕێک هەڵێنا و لە وەتاغی روانی. دەنکەکانی تەسبێح و قامکەکانی پیرێژن دەیانهەویست چارەنووسی بەندکراوێک دیاری بکەن. سەماوەر قوڵت قوڵت دەکوڵی و هەڵمێکی خەست لە کوونەکانی سەری را بەرەو بن میچی وەتاغ دەچوو. چاوی بڕێک قووچاندەوە. شێوەی دەموچاوی کوڕەکەی وەک تارماییەک لە نێو هوڵمی سەماوەر وەدیار کەوت. زاری داپچکڕیبوو، وەک هاوار بکا. روالەتی باسی لە دەردێکی جەرگبڕ دەکرد. شێرەی سەماوەر لە جیاتی ئاو خوێنی لێدەهات و پڕیشکەکانی خەریک بوو تەواوی دیوارەکانی دادەگرت. راچەنی. لە سەر جێیەکەی دانیشت. دوو سێ جار دەستی بە سەروچاوی داهێنا. پیرێژن لە دەنکەکانی تەسبێحدا لە چارەنووسی کوڕەکەی دەگەڕا. پیرەمێرد ئاخێکی هەڵکێشا و دیسان دەستێکی بە سەروچاوی داهێنا:

– چ بوو؟!

– خەونێکی ناخۆشم دیت.

نە ئەو دڵی گێڕانەوەی هەبوو، نە ئەو زاتی پرسین. پیرێژن بەری دەستەکانی روو لە دارەکانی میچەکە کرد:

– خودایا بە تۆم سپارد!

پیرەمێرد سەرێکی راوەشاند و لە سەر جێیەکەی هەستا و بەرەو حەسار رۆی. کە لە حەسار گەڕاوە، پیرێژن سفرەی راخستبوو. خەریکی ویشککردنەوەی دەموچاوی بوو:

– زوو پاروویەک نان بخۆ با برۆین، درەنگە.

پیرەمێرد لە سەر سفرە دانیشت. زۆری نەخوارد. پیرێژن نەهاتە سەر سفرە. لە پەنای سەماوەرەکە دانیشتبوو و بە ماتی چاوی لە فەرشەکە بڕیبوو:

– باشە هیچی دیکەی نەکوت؟ نەیکوت چۆنە؟ لە کوێیە؟

پیرەمێرد چایەکەی هەڵگرت و بە سەرپەوە نا:

– کوتی وەزعی باشە... ساز بە با برۆین.

پیرێژن خەریکی خڕکردنەوەی سفرە بوو. پیرەمێرد هەستا و خەریکی پشتێند و پێچ و کڵاوەکەی بوو و لە هەمان کاتدا چاوی لە قوودو شیرنێکەی بڕیبوو. باشترین و گرانترین شیرنی کڕیبوو. لە سەر قوودوکە وێنەی کیکێکی زەلام بوو کە چەند شەم لە سەری داببسان. پیرێژن چارشێوێکی بە سەر دادا و بە پشتی چەماو لە وەتاغ وەدەرکەوت. پیرەمێرد پێش ئەوەی قوودو شیرنێکەی هەڵگرێ دوو سێ جار دەستی بە دەموچاویدا هێنا. پیرێژن بە نیگەرانیەوە چاوی لێکرد پیرەمێرد تەنیا ئەو کاتانەی زۆر پەرۆش دەبوو ئاوا دەستی بە سەروچاوی دادێنا. هەر دووکیان لەگەڵ بیرێکی تاڵ و ناخۆش کە بە نێو مێشکیاندا دەهات و دەچوو بە شەڕ دەهاتن. ئەو بیرەی وا قسەی خەڵک هۆی سازبوونی ببوو:

– بە دایک و بابیان کووتوە قوودویەک شیرنی بێنن و وەرن کوڕەکەتان بەرنەوە، بەڵام...

هەروا کە حەولیان دەدا بیر لە ئاکامێکی خۆش بکەنەوە، بەرەو دەرکی حەسار دەڕۆیشتن، دەنگی گوولەیەک رایچڵەکاندن.



کوردستان گولایی‌ئازەر

ئەمن دەبێ تاوان بدەمەوە، ئەمن دەبێ...!

هەناسەبڕکە بوومە و لێوەکانم وشک بوونە، لاقم دەلەرزێ، دەڵێن فشاری خوێنت هاتۆتە خوارەوە، دەڵێن خۆت ئازار مەدە. هەڵبەت ئەوانەی نامناسن و هەر لە سااڵنی ئۆرژانسی بیمارستانەکە دیویانم و دەگەڵم دەهاتووچۆ دابوونە وام پێدەڵێن. سڕۆمەکە هێشتا نیوەی زیاتری ماوەتەوە. پیرێژنەکەی سەر تەختی پەنام پێمدەڵێ: کچم هەموو هی نەبوونییە. لە بەینت دەبا. نەبوونی گولییە. زارم وشک بووە،هەناسەبڕکە بوومە،بیر دەکەمەوە. وەک هەمیشە، شتێکم بە میشکی دادێ و پێیان دەڵێم:دەزانم ئی چێ. چاو لە زارم دەبڕن، مێردەکەم هەر لە سااڵنی بیمارستانەکە قەدەم لێدەدا نیگەرانە، چڕڕاوە،نیگەرانە. ئەوەی زۆر بە باشی دەزانم.پیرێژنەکە لێمناگەڕێ، وەڕەزی کردووەمە، دەڵێ: ڕۆڵە هی چییە؟ بۆ وات لێهاتووە؟ سڕۆمەکە نیوەی زیاتری ماوە، زیادی دەکەم،دەبێ زوو بە گیانم بگات. برسیمە. هەر ئەو شتەی کە بە میشکم داهاتووە، پێیان دەڵێمەوە. ئەمن دەبێ تاوان بدەمەوە. ئەمن دەبێ...!مێردەکەم چۆتە دەرەوە. حەتمەن سیگاری دەکێشێ. نیگەرانی دەبم. هیچکات دووکەڵی سیگارەکەی دەرناداتەوە.ئەوە تەنیا شتێکە نیگەرانم دەکا! نازانم بۆ؟! بەڵام نیگەران دەبم. دروست ئەو کاتانەی سیگاری دەکێشێ. تاوانی چی؟! کچێ بۆ وا دەڵێی؟! ژنەکەی ئەو بەری تەختی پیرێژنەکە بوو پرسیاری دەکرد. ئاوڕم داوەتەوە، دەناڵێنم بێئەوەی دەردم هەبێ، زۆرتر دەناڵێنم. دیسان دەناڵێنم. هەروا دەناڵێنم بەڵام کەس لێم ناپرسێ! پێمواببێ لێرە هەتا زۆرتر بناڵێنی زۆرتر هەست بە مانەوەت دەکەن. دەڵین چون دەنگت هەیە حەتمەن نامری. بێدەنگ دەبم. ناناڵێنم. پیاوەکەم هاتۆتەوە نێو سااڵنەکە. سااڵنی بیمارستانەکە. دەیبینم قەدەم لێدەدا.ئەو ژنانە هەر چاوەڕوانن. وڵامی پرسیارەکەم نەداونەتەوە، پرسیاریان کردبوو، دەبوایە جوابم دابانەوە.بریا هەر تاوانێکت دەکرد لە نێو چاوانت نووسرابا، ئیدی کەس ئەوەندە پرسیاری نەدەکرد. تاوان!تاوانم کردبوو!بەس کەورە بووم. ئەوانەی دەمناسن پێمدەڵێن:هەر ئەوەندەت بەس، کە لە دوای تاوانەکەوە هێشتوویانە زیندوو بمێنی. زۆر جاران قەدری هەناسەکانم بە باشی دەزانم، چون ئەمن زیندووم. سڕۆمەکە نیوە بۆ. سپاس بۆ خوا. سپاس بۆ پیاوەکەشم کە پووڵی ئەو سڕۆمەی بۆ داوم!بۆ زۆر شتی دیکەش...!دیسان دەناڵێنم.دەناڵێنم. دەگریم. گریانم دێ. دیسان دەگریم. بۆ دەگریم؟! هاوار دەکەم ئاخە تاوانی من چ بوو؟ بەڕاستی تاوانی من چ بوو؟!هەزار جار لە دەرگای خودا و بەندەکانی و براکانم و باوکم و یاسا... دادگایی کرام. دادگایەک، دادگایەک، قازییەک، تاوانێک. هەر ئەمن تاوانبار بووم. ئاگام لێیە ئەو دوو ژنەشم شێت کردووە، حەبەساون. وەدەزانن عەقڵم سووکە، قسان دەپەڕێنم. سڕۆمەکە لە نیوەی کەمتر بۆتەوە. پیاوەکەم چۆتە دەرێ. ئەو جارە نازانم بۆ چۆتە دەرێ؟!حەتمەن دێتەوە. لەوە دڵنیام. لەبەر من دێتەوە. تەنیا کەسێکە منی بەستۆوە بووە. ئەمن تاوانم کردبوو. ئەویش زۆر جاران تاوانی دەداوە. دیسان رووم تێکردوون و هاوار دەکەم ئاخە تاوانی من چ بوو؟ بەڕاستی تاوانی من چ بوو؟! زەق چاوم لە پیرێژنەکە بڕیوە هەزار جارم سوێند بۆ خواردوون، باوەڕم پێناکەن زۆر جارانیش هەر بۆ خۆشم باوەڕ بە خۆم ناکەم ئەمن بێناموومم!هەر دووک ژنەکان رووبان تێکرد... گوێم لێیە پێم دەڵێن: "خوا شەفای بدا زۆر جەوانە بۆ تێکەڵی کردووە پەکوو! " ئاگام لێیە پیرێژنەکە دیسان هەر ئەو قسەی دەکاتەوە : هەموو نەبوونی وات لێدەکا، شێتت دەکا، عەقڵت لێدەستێنێ. ژنەکەی پەناشی بۆ تەستیق دەکا. مێردەکەم هێشتا نەهاتۆتەوە. نیگەران دەبم. ئەو جار نەک بۆ ئەو، بۆ خۆم، زیندووم. دەبێ نیگەرانی ئەو زیندووبوونەم بم. بە توانام. ئەمن دۆڕاندبووم وایان پێدەکووتم. زۆر چکۆلە بووم. نەمدەزانی یانی چی؟! ئێستاش نازانم یانی چی؟! قەت نازانم یانی چی! تاوانبار بووم! تاوانبار ناسرابووم! ئێوارەیەک رووداوێ ڕووی دابوو. پیاوێک شەیتانی ببوو. دروست ئەو کاتە کچێکی کەوتبووە دەستی، رووداوەکە هەر ئەوەندە بوو، نا... نا هەر ئەوەندە نەبوو. پیاوێک دوای رووداوەکە هەڵاتبوو. کچێک زیندوو مابوو. لاشەکەیان دیبۆوە. کچەکەش لە هەزاران دادگاییدا تاوانبار ناسرابوو. تاوانبار. هەناسەی دەکێشا، دروست ئەو کاتەی جەستەی سارد ببۆوە و لاقی دەلەرزی و هەناسەبڕکە ببوو. لە سەر تەختەکە خەوم لێکەوتبوو کەسێک شیلانگەکەی دەکێشا، هەستم پێدەکرد ئەو جارە دەری کێشا. هەستاومەتە سەر تەنیشت. دەبێ سڕۆمێکی دیکە وەسڵ کەین. بۆ یەکی دیکە؟! بەدەنت بێتاقەت بووە. پەرەستارەکە ڕۆیشتووە. پیرێژنەکە لەوێ نەماوە. ژنەکەی دیکەش لەوێ خەوی لێکەوتووە. لەسەر پشت راکشاوم. دوابەدوای یەکدا تۆبە دەکەم، دووپاتی دەکەمەوە. هەزار جار تۆبە، خودایە. نازانم بۆ وا دەڵێم؟! بێئەوەی بزانم بۆ دەبێ تۆبە بکەم بەڵام هەر دەیکەم ! سڕۆمەکە زۆرتر لە نێوەی ماوەتەوە. منداڵێکیان لە سەر تەختی پیرێژنەکە راکشاندووە، دەزیقێنێ، ناهێڵێ سڕۆمی لێوەسڵ کەن، ڕەگەکەی بە چەتوونی دەبینەوە. مێردەکەم هەروا قەدەم لێدەدا. بە ئارامی شەقاو هەڵدێنێتەوە. منداڵەکە خەوی لێکەوتووە. زۆر زوو خەوی لێکەوت. بابی منداڵەکەش هەروا لە سااڵنەکە قەدەم لێدەدا. زۆر بە ئارامی شەقاو هەڵدێنێتەوە. شەقاو...

هەواڵنامەی کێڵێ



شیرین ئەمینی

هەناسە

لە سەرەوەی دیوەکە دانیشتبوو و پاڵی بە پشتێکەیەوە دابوو. دەسحێبە سوورەکەی لە نێو قامکەکانی هاڵاندبوو و پێدەکەنی. دوو ددانە زێڕەکانی بریقەیان دەهات. کەیفی لە جاران سازتر بوو. دەستی لە بەر پشتێندەکەی نا و قودوو توتنەکەی هێنا دەر.

جەماعەتەکە هەر خەریک بوون قاقایان دەکێشا. ئەویش پێچەکەی سەری کەمێک لادا بۆ سەرتر و کوتی: سااڵێکیش چووینە دوکتوری، هەر چووینە ژوورێ خێرا کوتم هەی بە بازاڕ بی دوکتور گیان. دەتکوت قەت دەنگی وای گوێ لێنەببوو سەری هەڵێنا و چاوەکانی زەق کرد دوایەش نێوچاوانی تێکنا و کوتی دایکت ناتوانێ بڕوا بنپیلی بگرە با بێتە ئێرە دانیشێ، لێمدا لە قاقا، کوڕە کوتم ڕەحمەت لە دینت ئەوە خێزانمە خێزان. یەکێکیان لە چۆکی خۆی دا و پڕ بە ئەوکی قاقای کێشا، ئەویش سەری ڕاوەشاند و دەستی کرد بە هەڵبژاردنی قەندەکان. سەری بەردابووە لە نەقاڵن. کوڕەکەی لە قەراغێک دانیشتبوو، نێوچاوانی تێکنابوو، بۆنی هەڵمی چا وەخۆی هێناوە سەری هەڵێنا چاوێکی لە چاوەکانی خوشکی بڕی، مژۆڵە ڕەشەکانی تەڕ ببوون، بە حاڵودووبەاڵ لوشمەی دەهات. هەروا تێیڕوانی. پێی سەیر بوو هەژدە ساڵ لەو شەوە تێپەڕیبوو کەچی هێشتاش وەیدەزانی دوێنێ شەوێ بووە، هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا و خەریکی لێو کرۆشتن بوو. دوێنێ شەوەکان بیریان دەکرۆشت. لە پڕ بە زیڕەیەک هەستا لە خەو. چاوە ڕەشەکانی زەق کرد. دەنگی دایکی بوو. بە قوونەخشکە چوو بۆ الی دایکی، ئارەقەی کردبوو، لێوی خۆی دەگەست. بڕستی لێبڕابوو. هەناسەکانی تووندتر لە جاران بوو. لە ژان و دەرد دەستی کرد بە هاتوهاوار. دەستی لە سەر دەستی دایکی دانا و تووند ڕێکی کوشی، چاوێکی بە دەوروبەری خۆی داخشاند و خێرا هەستا سەر پێ. چوو بۆ الی دەرکە،کە لە پڕ بە دەنگێکی بەسام وەخۆ هاتەوە، دەستی لابرد و جوانتری گوێ تیژ کرد. ئاوی زاری قووت دا و چوو بۆ الی پەنجەرەکە، بەاڵم زۆر چکۆلەتر لەوەی بوو ئەو دیوی پەنجەرە ببینێ، ناعیالج چوو سەر تەنەکە ڕۆنەکە و سەری بە شووشەکەوە نا. دەلەرزی، دەترسا دایکی تەواو بێ و ئەویش بە تەنێ لەو چۆلگەیە بمێنێتەوە. جا ئەو دەم چ بکا؟ ئەو بیرە تاڵە مێشکی خواردبوو. چاوەکانی ڕشکەپشکەیان دەکرد. هەموو وڵات سپی بوو. تەنیا شوێن پێی چەن ئاژەڵ لە سەر بەفرەکان مابووە. هەوری چاوەکانی دەهات و بارانی دەتکاند. دەستە چکۆلەکانی بە شووشەکەوە نا و هاواری کرد دەی بەڵکوو کەسێک لە ئاسمان وەفریای دایکی کەوێ. لەپڕ بە دەنگی نووزەی گوورگێک دایدا لە گریان و لە سەر تەنەکە ڕۆنەکە هاتە خوارێ و هەاڵتە کن دایکی. سەری لە نێو باوەشی دایکی نا و دەستی کرد بە گریان. زیاتر لە هەموو کاتێ هەستی بە تەنیای دەکرد. هەر نووکەنووکی بوو. ژان و دەرد تاکوو الی بەیانێ درێژەی هەبوو تاکوو لە ناکاو بە زیڕەی دایکی و نووزەنووزی منداڵێک و شەو و تەنیای کۆتایی پێهات. هەناسەیەکی خستە دەرەوە و بە دەنگی خوشکی دونیای ناسکی خەیاڵی هەڵپچڕا! ـ کاکە، چای هەڵناگرێ؟ هەڵمی چایەکە بەرەو میچ دەڕۆیی. سەرێکی ڕاوەشاند و لە بنەوە کوتی: نا.خوشکەکەی ڕاست بووە و چوو بۆ ئاشپەزخانە. دەستی لە سەر ئەژنۆی دانا ملی بۆ الی بابی سووڕاند، دەتکوت هیچ نابیسێ تەنیا لێکبوونەوەی دوو لێوی گۆشتن لە بن باقەیەک سمێڵ، چاوەکانی خستبوونە قومار و گەمە. ـ سااڵێکی چلەی زستانێ منداڵەکانم بەجێهێشت و هاتمەوە شاری. دایکم کوتی ڕۆڵە ئەو ژن و منداڵەت بۆ لەو چۆلگە وێرانبووە بەجێهێشتووە، گورگ خۆی بە دەرکەی دادا زەندەقیان دەچێ. کوڕە کوتم ڕەحمەت لە دینت لەوەتی بووینە کێشکچی ئەو چۆلگەیەی لە ترسی خێزانم گورگەکانیش تۆبەیان کردووە .خوێنی ڕەش هەڵگەڕا بوو. هەستا سەر پێ و بە تووندی ددانەکانی پێکداگرت و هیچی نەکوت. دەرکەی دیوە چکۆلەکەی کردەوە. بۆخاو کەپۆی پرکرد. چوو ژووڕێ و دەرکەکەی پێوەدا. خۆی بە دیوارەوە هەڵپەسارد. دەنگی قاقا تا ئەو سەری کۆاڵنەکەیان دەڕۆیی.سەری بەرداوە و چاوێکی لە قەراغ دیوەکە بڕی. پیرێژنێک کە هەر لە منداڵێکی سێ چوار ساڵە دەچوو چاوەکانی لە سەر یەک دانابوو. ڕووحمی بۆی بزووت و لێی چوو پێشی و لە قەراغ جێگاکەی دانیشت. دەستی لە سەر دەستە چرچەکانی دانا و بزەیەکی تاڵی هاتە سەر لێو. پیرێژن چاوەکانی هەڵێنا، چی دیکە نااڵ نااڵی نەدەهات و بە زۆری تفی زاری قووت دا و لێوی لێک کردەوە:ـ ئەوە لەو دیوە چ باسە؟ لێوی خوارێی بەدان گرت و بە سەبرایەکی کوتی: هیچ دایە گیان. خزم و کەسەکان هاتوون بەسەرت کەنەوە .بە بزەیەکی تاڵ لێوە چرچەکانی لێکبۆوە. دەنگێک بەرز بۆوە: سااڵێک چووبووم بۆ تاناکۆڕا شتی بۆ منداڵەکان بکڕم کابرای دووکاندار کوتی کاکە سەبرێکم لێبگرەبا ئەو دۆمەژنەی بەرێکەم دوایە ئەتۆ! لێم دا لە قاقا، کوڕە کوتم ڕەحمەت لە دینت ئەوە خێزانمە خێزان.چاوی بە حاستەمێک تروکاند و دیسان بزەیەکی تاڵی هاتە سەر لێو. کوڕەکەی هەروا چاوی تێبڕیبوو دەستی تووندتر ڕێک کوشی. چی دیکە نااڵنااڵی نەدەهات. هەناسەیەک خەریک بوو...



زەینەب بابایی

یەکەم دیدار

ـ تۆخوا بەس چاو لەو ساعەتەی کە ئەوڕۆش نایا، نا! پێم وایە زانیوێتی چاوت لە دوویەتی و لە داخان تەرخی ئەو پارکە خۆشەشی کردووە.

ئومید بە بێئەوەی ولامی سامان بداتەوە چاوی بە دوای تاکسێکەوە بوو کە هێندێک سەرتر لە جێگای وان رایگرتبوو و چەند ژن خەریک بوون لێی دادەبەزین.

ـ ها، فەرموو کاک نائومید! ئەوانەش هەو نەبوون. برۆ با برۆین سەری ئەو بابەت ئەوە یەک حەوتوویە لەو پارکە دەمهێنی و دەمبەی ئێستا دەزانم چەند دار و گوڵ و سەندەلیشی تێدایە، هێندەت سەر و خوار پێکردووە ئومید چاوێکی لە سامان کرد و گوتی:

ـ هەک چەندەت بۆڵە بۆڵ دێ، ئاخر کێ لەو پارکە خۆشەیدا وەرەز دەبێ، مالّت نەشێوێ!

ـ قسە لەوە نییە، نە ئەو پارکە ناخۆشە و نە کەس لە شوێنی ئاوادا وەرەز دەبێ، قسە لەوەیە کارەکەت هەو نییە. خۆ مەحتەلکردنە، خۆ فریودانە. وەک وەیە کە لە شوێنێکی پڕ لە کادا لە دەرزیلەیەکی بگەڕێی!ئومید سەرێکی راوەشاند و دیسان گوتی:

ـ راست دەکەی وایە. بەڵام بە هیوای خودا چەن رۆژی دیکەش دێین. ئەگەر هەر نەهات ئەمنیش چارەم نییە دەست هەڵدەگرم.

سامان لە ولامدا گوتی:

ـ چەند رۆژی دیکە بۆچی؟ ئەوە حەوتەیەکە دێین و دەچین، ئەتۆ چووزانی ئەو خانمە خەڵکی ئێرەش بێ یان نا؟ چووزانی کچە؟! ئەگەر هاتوو مێرد یان دەزگیرانی هەبوو چی؟! ئومید دەستی بە دەمی سامان داگرت و بێدەنگی کرد و گوتی: ـ سامان گیان! ئەتۆش رۆژێک دێ کارت بە من بێ! دەبا تۆش بە ئەوینێکی لە ناکاو ئاراوقاراوت لێهەڵبگیرێ، ئەو دەم لێم حاڵی دەبی، دڵنیام ئەتۆش ئەو پارکە سەهلە، تەواوی کەلین و قوژبنی کەڕ و دۆڵ و چیاکانیشی بۆ دەهشکنیەوە. خودا دەکا جارێکی دیکە دەیبینم، ئەو دەم بە دوایدا دەڕۆم بزانم کێیە؟ خەڵکی کوێیە؟ مێردی کردووە یا نا؟ ئەگەر هاتوو خودا یار بوو ئەوە دەیخوازم و ئەتۆش لە داوەتەکەمدا وەک من پێوە دەبی و ئەو دەم لێم تێدەگەی کە چۆن شەو و رۆژم لێتێکچووە و چ دەچێژم! سامان بە پێکەنینەوە گوتی:ـ جا دەبێ چەندە گەوج و بێعەقڵ بم، بهێڵم وەک تۆم لێبێ!لە پڕ چاوەکانی تروسکانەوە و بە خۆشییەوە درێژەی بە قسەکانی دا:ـ فەرموو کاکە ئومید! ئەوەش خانم!ئومید بە پەلە رووی کردە ئەم شوێنە کە سامان ئاماژەی پێکردبوو. کچەکە لە تاکسی دابەزی بوو و لە سەر ژنێکی دیکە راوەستابوو کە ئەویش بێتە خوارێ. ئومید لە خۆشییان باوەشی بە سامان داگرت و چەند جاری ماچ کرد. دوایەش بە دوای دوو خانمەکەدا رۆیشتن و لە روبەروی ئەوان لە سەر چیمەنەکان دانیشتن. ئومید زۆر دڵشاد بوو، ئێستا دڵنیا بوو کە ئێتر ونی ناکا و تەواو سەر و سۆراغی دەکا. وێدەچوو ئەو خانمەی دیکە دایکی بێ و ئومید هەروا لە بەر خۆیەوە دەیورتاند، لە حاڵێکدا بۆ چرکەیەکیش چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت.

ـ دەبێ کچی مالّە کێ بێ؟ تەمەنی خۆ لە چەندی بدا؟ خودا بکا مێردی نەکردبێ، دەزگیران یان زمانم لاڵ دۆستی نەبێ! لەوەتا لە بیرمە بۆ هیچ کچێک ئاوا دڵم دانەخورپاوە!ئومید هۆشی لە سامان و قسەکانی نەبوو هەر لەو دەمەشدا بوو کە دایک و کچ خەریک بوون بە ئیشارەی دەست و زمان یەکتریان دەدواند. سامان یەکی تێکوتا و گوتی:

ـ چیە؟ بۆ سەرت لێ شێواوە؟! ئومید گوتی: ئەتۆش دەیان بینی، بۆ ئاوا قسان دەکەن؟یانی ئەوانە کەڕولاڵن؟

سامان بە پێکەنینەوە بۆ ئەوەی دڵخۆشی ئومید بداتەوە گوتی: وەڵاّ بابە خودا پێ داوی! تاقانە کە هەی، کارمەندی بانکێی، لە جوانی دا سەرتۆپی، ئەوە خودا ژنێکی کەڕولاڵیشی بۆ گولّبژێر کردووی. ئیدی چت دەوێ؟! لە خوا بە زیاد بێ!ئومید هەروا مات و بێدەنگ، وەک وەیکە"گۆزەیەک ئاوی ساردی بە سەرتاپای هاتبێتە خوارێ"! سەرلێشواو نەیدەزانی دەبێ بڵێ چی؟!

دیسان سامان گوتی: ئەتۆ بیری لێبکەوە ئومید بە خەونیشدا نایا، نە قەت جوابەجەنگیت دەکا و نە دەبۆڵێنێ و نە قەتیش بیانووت پێدەگرێ و یان شەڕ و هەڵاتان دەبێ، مالێکی بێدەنگ و ئارام! بابم حازرە تەواوی سامانی خۆی بدا و دوو رۆژ دایکم بێدەنگ بێ! شێت

هەولێری کێبڕکێ

بووە دەگەڵ ئەو هەمووە دمەچەقەیەی دایکم.کە دیتی ئومید هەروا بێدەنگە. هەستا سەر پێ و گوتی: وەرە با بچینە پێشتر بزانین چ باسە؟ لەوانەیە ددانیان کێشابێ! ئومید سەرێکی راوەشاند و کوتی:ئەدی ئەو تووڕەکە خواردەمەنییە بۆ کێیە؟ بۆ مەیان هێناوە؟کە چوونە پیشتر ئیتر دڵنیا بوون کە هەر دووکیان کەپوڵاڵن. ئومید مات و بێدەنگ دەنکە دەنکە چیمەنەکانی هەڵدەقەندەوە. سامان هەستا سەر پێ و خۆی تەکاند و پیلی ئومیدی گرت:

ـ هەستە با برۆین وادیارە ئیتر کارێکمان لێرە نەماوە!

ئومید پیلی لە دەستی سامان دەرێنا و...

ـ بۆ کوێ؟

ـ مەگەر نابینی؟

ـ نەکا بەو حاڵەش...!

ـ جا بۆ بەندەی بێعەیب هەیە؟ ئەتۆ بای، چت دەکرد؟ هەروا سەری خۆت دادەخست و دەرۆیشتی؟!

ـ ئەوە عەیبێکی کەم نییە! دەبێ زۆر شت لە بەر چاو بگری، هەروا شتێکی سووک و ئاسان نییە!

ـ ئەوە هاتوو بە دوکتوور و دەرمان چاک بۆوە!

ـ جارێ کە چاک نەبۆتەوە و لەوانەشە قەت چاک نەبێتەوە!

ـ ئەو دەم منیش فێر دەبم وەک وی قسان بکەم! سامان دەستی لە سەر شانی ئومید دانا و گوتی:

ـ باشە، باش. جارێ پەلە مەکە! دەگەڵ خۆت بە تەواوی ساغ بەوە دوایە دەست بە کار بە! بەڵام ئومید بێوەی هیچ بڵێ هەستا و چوو بۆ لای دایک و کچەکە و سڵاوی کرد. کچەکە چاوێکی لێکرد و لە سەرەخۆ گوتی:

ـ سڵاو کاکە گیان. فەرموو فەرمایشتێکتان هەبوو؟

ئومید چاوێکی دیکەی لە دایکی کرد و دیسان کچەکە گوتی:ببورن دەتوانم یارمەتیتان بدەم، ئاخە دایکم کەپوڵاڵە...

ئومید ئادرەس و ژمارە تەلەیفوونی وەرگرتبوو و بەو پەڕی خۆشییەوە خەریک بوو دەگەڵ سامان بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە. سامان لە پڕ لە باوەشی کرد و گوتی:

ـ کوڕە دەڵێم خۆششانسی و خودا رووی تێکردووی، هەر دەڵێی نا!



زارا ستاوەند

کاتی سەرهەڵدان

پیوازی گوڵەگەزیزە بە هاوڕێکەی کوت: تۆ تێکەڵ نی؟ شتێک لە نێو دڵتدا ناجووڵێتەوە؟

هاوڕێکەی: مەبەستت چییە؟ دەتهەوێ بڵێی چی؟

گەزیزە: تاقەتم نییە، شتێک نۆقرەی لێهەڵگرتووم، بڕستی لێبڕیوم و هانم دەدا برۆم و سەر وەدەرنێم!

هاوڕێکەی:بۆ کوێ؟ نابێ! دایەخاک ناهێڵێ برۆین. بخەوە، هەر کات وەختی هات خۆی پێمان دەڵێ.

گەزیزە: وەختی نییە؟ لەبەر چی؟ من حەز دەکەم ئێستا برۆم.

هاوڕێکەی: من نازانم بۆ، بەڵام هەرچی دایەخاک بڵێ من وا دەکەم.

گەزیزە: ئارام و قەرارم نییە، حەجمینم لێهەڵگیراوە، خۆڕاییە راوەستم تا دایەخاک ئیزنم بدا، خۆم باشتر دەزانم کەی دەبێ و نابێ. دەزانم دایەخاک تەنیا مەبەستی بەندکردنی ئێمەیە و نایهەوێ سەر دەرێنین.

هاوڕێکەی: واز لە من بێنە و چیدی بەم قسانە خەوم ئاڵۆز مەکە، حەز دەکەم بخەوم.

گەزیزە: بخەوە ترسنۆک. بانگی دایەخاک دەکەم، پێی دەڵێم کە دەمهەوێ برۆم، با نەڵێ هەر پرسی پێنەکردم. دایەخاک! دایەخاک! دایەخاک: گیانەکەم گەزیزەگیان! گوێم لێت نەبوو. زۆر پرکارم، سەری ریشەی چاڵووکم دابوو، بۆیە دەنگتم نەبیست. دەی بڵێ چیت دەوێ؟

گەزیزە: هیچم ناوێ، ویستم پێتبڵێم حەز دەکەم برۆم.دایەخاک: بۆ کوێ؟ ئاوا بە پەلە! نا وەختی رۆیشتنی تۆ نییە. دەبێ خۆت تەیار کەی و بخەوی تا کاتی سەرهەڵدان دەگا. ئەو دەم خۆم سازت دەکەم بۆ رۆیشتن.گەزیزە: لە ئێستا ئامادەتر نابم، وەختی خۆیەتی و خەویشم نایە. نۆقرەم نییە دەبێ برۆم، خۆم چاکتر دەزانم. دایەخاک: گەزیزەکەم ژینکەڵانەکەم، جارێ کاتی نەهاتووە هەر شتەی دەبێ وەختی خۆی بگا.

گەزیزە: تێتناگەم دەڵێی چی، هەرکات بمهەوێ دەڕۆم، هێندە باسی وەخت و کات دەکەی یانی چی؟

دایەخاک: باشە گوێ راگرە بۆت دەڵێم کاتی خۆی یانی چی.دایەخاک هات دمی بکاتەوە و بڵێ بۆ وەختی نییە. هاوار لە ریشەی دار هەنجیر بەرز بۆوە.دایەخاک: هەر ئێستا دەگەڕێمەوە و پێتدەڵێم، بزانم چ قەوماوە، تا دێمەوە سەبر بگرە و چاوەڕێم بە.گەزیزە سەبری نەگرت و چاوەڕێی دایەخاک نەماوە و ڕێی گرتەبەر و بە پەلەپەل خاکی لە سەر خۆی لاداو لە نێو شەپۆلی خەیاڵاندا ون بوو. رزگاری لە تاریکی، دیتنی هەتاو، چیمەن و خۆڕپەی ئاو و فڕین و چڕینی باڵندە و شنەی شەماڵ و ئاسمانی ساماڵ؛ خاکی لادا و سەری هەڵێنا بە کەیفی خۆی سێ پەڕی گەورەی بنەوشی سەرنووک ڕەشی داوێن زەردی بە خاڵی ساف کرد و گنجی لێبڕی و سێ پەڕی نەرم و هەورینی نێوەراستی لە بەر یەک کێشاوە و دمی لێک کردەوە سڵاو لە دونیای ڕوون بکا. هێشتا تەواو دمی لێک نەکردبووە تەزوویەکی زۆر سارد هەموو لەشی وەلەرزین خست و سەرما تا ناخی ساقەتە ناسک و ساواکەی چوو. بە ترس و لەرزەوە چاوی بە دەوروپشتیدا گێڕا و هاواری کرد: کوا تینی هەتاو؟ کوا چیمەن و سەوزایی؟ کوا خوڕپەی ئاو و باڵندە و موسیقا؟ بۆ ولّات تەماوییە؟پۆلێک کەرتەشی لە گەزیزە ڕامابوون. گەزیزە دەلەرزی و چەقوچۆی هاتبوویە و دەگریا: بۆ کەس پێش ئەو با ساردەم لێناگرێ؟دڕوو: گەزیزە ئەوە بۆ هاتووی؟ هێشتا زۆری ماوە بۆ تینی هەتاو و ئاوەچۆڕەی بەفری سەر دوندان. تازە یەکەم مانگی زستانە، زۆر زووە. گەزیزە زۆری سەرما بوو، وێستی پەڕە گەورەکانی لە خۆیەوە پێچڕ تا ساقەتە ناسکەکانی گەرم دابێنێ، بەڵام نەیتوانی چوونکە سەرما لێیدابوو.

ئەزموونێکی دژواری تاقی کردبۆوە و هەر چەند پەشیمان نەبوو. بەڵام سەری دەبەرخۆیەوە هێنا و هێندێک راما و وەبیر قسەکانی دایەخاک کەوتەوە.کەرتەشی زۆری خەم بوو و بە دەنگی نەرم لە بن لێوەوە کوتی: بەس نییە پیوازەکەی لە دڵی خاکی گەرم دایە بۆ جارێکیتر هەڵدانەوەی!

هەواڵنامەی کتێب

مژاری فایلی داهاتووی بەرهەم پێداهاتنەوە بەسەر ئەم کتێبانە دایە کە بڵاو کراونەوە:




هاتنە ژوور قەدەغەیە
مریەم قازی
"کۆمەڵە چیرۆک"



زیندە بە گۆڕ
مریەم قازی
"چیرۆک"



شازادە ئیبراهیم
قاسم تاباک
"ئەفسانەی کوردی"




با "با" چیتر نەتانخووسێنێ
کاڵێ گولابی ئازەر "شەویار"
"هایکۆی کوردی"



سەمای سەرسامی
ئەرسەلان چەڵەبی
"شێعر"



نازی
زەینەب بابایی
"رمان"



Berhem

GOWARÎ EDEBÎ FERHENGÎ HONERÎ

Enjomenî Edebî Mehabad